# "ئاڵای شۆڕش" قسەکەرێکی بۆرژوا - ناسیونالیست

## وەڵامێک بە: دیفاعی "حیکمەت" لە "کۆنتراکانی کورد" لە بەرانبەر ئێرەجی ئازەرین

خەسرەو سایە
ه. ئاسۆ

ئایاری ١٩٩٢

11

# "ئاڵای شۆڕش" قسەکەرێکی بۆرژوا - ناسیونالیست

## وەڵامێک بە: دیفاعی "حیکمەت" لە "کۆنتراکانی کورد" لە بەرانبەر نیرەجی نازەرین

خەسرەو سایە
ه. ناسو

ئاباری ١٩٩٢

12/02/2021 (11) Facebook

11

# کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

## روونکردنەوەیەک

ئەم نووسراوەیە کە لە مانگی ١٢ی ساڵی پاردا ئامادەکراوە، بڕیار بوو لەگەڵ مقالەکەی هاوڕێ سامان کەریم دا پێکەوە وەک وەڵامێک بە بۆچوونەکانی حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، کە لە گۆڤاری "ئاڵای شۆڕش" ژ-٨ و ٩دا هاتووە، لە دژی ئیرەجی ئازەرین، بڵاوبکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە، نەبوونی ئیمکاناتی مادی و هونەری مۆڵەتی ئەم کارەی نەداین. ئێستاش ئەم شەخسیەتە ناسیونالیستییە پاش چەندین چەرخەلێدان و گۆڕینی هەڵوێستەکانی خۆی و ڕێکخراوەکەی، سەرەنجام لە کلکەوە خۆی بە "بەرە"وە گرێ دایەوە و نیتر دەمی ئاڕەزایەتییەکانی بەسترا و پەیوەست بووەوە بە ڕیزەکانی "ناسیونالیستە تەسک باوەڕەکانەوە"!! و ئەم مەسەلەیەش ڕاستی و دروستی بۆچوونەکانی ئێمەی سەلماند... جگە لەمەش بەو پێیەی کە ئەم نووسراوەیە ڕەخنەکانی خۆی دەباتەوە سەر ڕیشەی ئوسوڵە سیاسییەکانی ناسیونالیزم بەگشتی و قسەیەکیش لەسەر ئایندەی خەبات لە کوردستان دەکات، دەتوانرێ وەک نووسراوەیەکی موعتەبەر سەرنجی بدرێت و ئێمەش هەر لەم ڕووەوە پێویستی بڵاوکردنەوەیمان بڕیاردا.

چاپی یەکەمی ئایاری ١٩٩٢

https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=808268466740254&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

## فەهرەستی باسەکان


پێشەکییەکی کورت

یەکەم: ڕووداوەکان و ئوسوڵە سیاسییەکانی ناسیونالیزم.

دووەم: ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی محەللی.
- ناسیونالیزمی عەرەبی، ناسیونالیزمی کوردی، ئیمریالیزمی ئەمریکا و حیکمەت لە کام لایە؟

سێیەم: ناسیونالیزم و دەورانێک لە وەرچەرخانی مێژوویی.
- ئەزمەی خەلیج و ئامانجی ئەسڵی ئەمریکا.
- مەحکوم نەکردنی عێراق بۆ؟
- ئەمریکا و ڕووخاندنی ڕژێم.
- ڕای پێچەوانەی حیکمەت دیفاعێکە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی.

چوارەم: حیکمەت چۆن لە "شۆڕش" و شۆڕش تێدەگات؟
- ڕاپەڕین، شکست، دیپلۆماسییەت... لە دائیرەی ستراتیژی ناسیونالیزمی کورددا.
- "ڕای گشتی خەڵکی ڕۆژئاوا" و "مناوەرەی سیاسی".
- مەسەلەی غایب بوونی سیاسەتی سۆسیالیستی.

سەرەنجام: ئایندەی خەبات لە کوردستان بە کوێ دەگات؟

12/02/2021 (10) Facebook
10

## پێشەکییەکی کورت بۆ چاپی دووەم . ١٩٩٣ .

ماوەیەکی زۆر تێ نەپەڕیووە، بەسەر بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا. بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و واقیعیەتەکانی کوردستان و عێراق هەرچی ڕۆشنتر، حەقیقەتی بۆچوون و لێکدانەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەی کە دوابەدوای سەرهەڵدانی ئەزمەی خەلیج لە ناوچەکە و عێراقدا هاتنە گۆڕێ، سەلماند. ئەمڕۆ بۆ کرێکارانی کوردستان، لە هەموو کات زیاتر ئەو ڕاستیە خۆی دەرخستووە کە بەشداری کردنیان لە ڕاپەڕینێکدا کە لە درێژەی سیاسەت و کارکردەکانی ناسیونالیزم لە پەیوەند بە ستراتیژی ئەمریکا و غەرب لە ناوچەکەدا بەڕێوەچوو، چ واقیعیەتێکی سەخت و دژواری کردۆتە نەسیبیان. ئەوەتا بە درێژایی ساڵ و نیوێک کە گوزەراندویانە. جگە لەوەی بەردەوام لەگەڵ ژیانی ئاوارەیی و حساری ئابووریدا بەرەوڕووبوون. لە باری مەعیشییەوە موحتاجی پاروە نانێک کراون و لەتاو نەبوونی و سەرمای زستان بەرەو سەردەمی ژیانی ئینسانی نێو ئەشکەوتەکان پاڵ پێوەنراون.

لە باری سیاسیشەوە بناغەکانی دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداران نەک هەر لەنێو نەچوون، بەڵکو بۆ پاراستنی نیزامی مەوجود ـ نیزامی کۆیلەیەتی کرێکرتەیی ـ، سجنەکان، دامودەزگای پۆلیسی و ئەمن، لەشکر و پەرلەمان، ئەنجومەن و یەکێتییە زەردەکان و چەندین مەکاتبی جۆراوجۆری دیپلۆماسی نهێنی و سەرو خەڵکی و هەموو پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس و ئەو کاربەدەستانەی کە دوێنێ کۆمەڵانی خەڵکی لە بزیان ڕژانە سەر جادەکان، ئەمڕۆ بە بەرگی کوردییەوە لە بەرانبەر خودی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا پێک هێنراونەتەوە. وەزعیەتی کۆمەڵایەتیش بەهۆی گەشەپێدان و زیندووکردنەوەی ئەخلاقیات و فەرهەنگی ناسیونالیستی کۆنەپەرستانەی مەزهەبی و ڕەشەکوژی ژنان و خۆپەرستی نەتەوەییەوە. پاشەوپاش بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە ڕاپەڕینی بەهاری ٩١، ڕاپەڕینی کرێکاران نەبوو. جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی زەحمەتکێشان و چەوساوەی کوردستان نەبوو، بەڵکو جوڵانەوە و کردەوەیەکی کۆنەپەرستانە بوو، کە لە بەرانبەر خودی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد و مافەکانی ئەواندا بەڕێوە برا شەریک بوو کە ناسیونالیستەکان لەسەر کێشەی حاکمیەت و بچڕینی ئیمتیازاتێک لە بەرانبەر ناسیونالیزمی عەرەبی و دەوڵەتەکەیدا. لەژێر ناوی سەندنەوەی "مافەکانی میللەتی کورد"دا بەرپایان کرد. هەر کرێکار و زەحمەتکێشێکی کورد کە بە وەزعی جینایەتی خۆی بەئاگایە. دەتوانێ بەئاسانی دەرک بەوە بکات کە چۆن "کوردستانی ئازاد" بە وێنەی پەناگای ئیمپریالیستەکان لە چەشنی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا جێگای گرتووە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشی لە بەردەم چارەنووسێکی سیاسی ناڕۆشنی پڕ لە کێشە و شەڕ و پێکدادانی خوێناویدا ڕاگرتووە، تا بە خاتری جێ خستنی معادلاتی نوێ لە ناوچەکەدا. لە ڕاستای ئەزمی نوێی جیهانی بۆرژوازی و قازانجەکانی ئەمریکا و غەربدا بیان کاتە قوربانی.

بەردە هەڵماڵین لە ڕووی ئەم وەزعیەتانە لە کۆششێکدا بەڵگەیەکێتیە بۆ ئەوەی کە تەواوی حیزب و جەریاناتە ناسیونالیستەکان، چ ئەوانەی خۆیان بە چەپ دەزانن لە چەشنی جەلال تالەبانی و چ ئەوانەشی ناسیونالیستێکی نارازین لە بەرگی "مارکسیزم"دا لە چەشنی حیکمەت محمد کەریم و "ئاڵای شۆڕش"ەکەی کە ناتوانن لە فەزای بە ڕاست کێشرانی دنیای دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردا، لە ڕیزی کۆنەپەرستی بۆرژوازی و بەرەی ئیمپریالیستەکاندا قەرار نەگرن. لە ڕەوتێکی ئاوادا بوو. کە لە کورتترین ماوەدا حیکمەت محمد کەریم و ڕێکخراوەکەی پاش سەرکەوتن بەسەر چەند پلەیەک دا بەرەو بەرەی بۆرژوازی ڕیزەکانی لە جیهاندا پرۆسەی هەڵبژاردنی مێژوویی خۆی تێپەڕکرد

ئیستا ئەم شەخسیەتە "ڕۆشنبیرە دواکەوتووەی کورد" زمانی بەناو مارکسیستی خۆی فوی داوە و



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (10) Facebook

... بۆ کورد کردوویەتیە مستشارێکی سیاسی جەلال تالەبانی و لەپاڵ ئەودا بۆ کاری دیپلۆماسی حیزبە بۆرژوازییەکانی کورد و حکومەتەکەیان، ئامادەیە لە تەک سەرانی وەزارەتی خارجی ئەمریکا و غەرب و ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییە عێراقییەکان سیاسەتی کۆنەپەرستانەی یەکگرتوویی شیعەکان و کوردەکان بەرنە پێشەوە.

تا ئەوە جێگەیەشی بە هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین دەگەڕێتەوە، ئەوە ئەو نەبوو ئازاری چەپەکانی دابێت بەڵکو ڕەخنەکانی ئەو بوو مایەی فاسیلەگرتنێکی سیاسی - چینایەتی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی چەپ لە بەرانبەری ناسیونالیزم و جوولانەوەکەیدا. ئەمڕۆ هەڵسوراوانی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق ڕاشکاوانە خۆیان بە قەرزاری ئیرەجی ئازەرین دەزانن کە دەتوانن بەئاسانی لەسەر بناغەی بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری یەک دەسکانە ڕووەو پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری تێ بکۆشن ئەمە دیسانەوە سەلمێنەری ڕاستی بۆچوونەکانی جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

لە کۆتاییشدا، ئێمە هەڵسوراوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بانگەواز دەکەین کە ئەم نوسراوەیە وەک سەرچاوەیەکی ڕەخنەگری لە ناساندنی ماهیەتی ناسیونالیزم خەسڵەتەکانی و نەقدی کۆمۆنیستی پێیان سەرنجی بدەنێ و بۆ ڕۆشنگەری سیاسی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقە کرێکارییەکاندا، تەرویجی بکەن، پێویستە هەر لێرەشدا ئەوە بڵێین کە دووبارە لە چاپدانەوەی ئەم نامیلکەیە لەلایەک هاوڕێیانی "کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق" بە کارێکی پێشڕەوییانەی دەناسین و هیوادارین لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا، لەناو هەڵسوراوانی دەرەوەی وڵاتدا، شاهیدی هەرچی زیاتری ئەم کارانە بین

خسرو سایە هـ. ئاسۆ
١٩٩٢/١٢/١

## پێشەکییەکی کورت:

لاپەڕەکانی "ئاڵای شۆڕش" لە زمانی "حیکمەت محەمەد کەریم"ەوە، وەک قسەکەرێکی بۆرژوا ناسیونالیست دەدوێ، بەتایبەت کە ئەم "ڕۆشنبیرە دواکەوتووەی کورد" لە سەنگەری دیفاع لە چەپ و ڕێکخراوە چەپەکانەوە، لە بەرانبەر بۆچوونەکانی "ئیرەجی ئازەرین"دا قەڵەمی ڕەخنەگرانەی خستۆتە کار و بۆ بەرگری کردن لە مەترسی "توانەوەی نەتەوەکەی" هاتۆتە مەیدانەوە لە ڕاستیدا ئەوە "ئیرەجی ئازەرین" نییە کە ئازاری چەپەکانی دابێت، بەڵکو ئەوە بەرزبوونەوەی، دەنگی ناڕەزایی و پڕ گلەیی و کارندەکانی ناسیونالیزمێکی نارازییە کە دەیەوێت لەنێوان دوو جەمسەری خەباتی چینایەتی و دوو ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی جیاوازدا، و لە ڕێگای هێرشبردنە سەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی کرێکارانی کۆمۆنیست لەلایەک و خستنەڕووی گلەیی و ناڕەزایەتییەکانی لە ناسیونالیزمی سوننەتییەوە هەرچی زیاتر بە شێوەی فۆنێکی ڕادیکال خۆ بنوێنێ. وەیا لانی کەم بە هێنانە خوارەوە و بێنرخ کردنی بناغە چینایەتییەکانی خەباتی کرێکاران کە خودی هاوڕێ "ئیرەج" لە مەقالەی "ترازیدیای کورد"دا خستویەتییە ڕوو لەبەرچاوی ناسیونالیزمی ڕەسمیدا ناوەڕۆکی دڵسۆزانەی ناسیونالیستی، خۆی ئاشکرا بکا و، بەڵکو لەم ڕێگایەوە دەرگاکانی بەری کوردستانی لەبەردەمیدا بکرێنەوە و بە ئەندام لەوێدا قبول بکرێت

وەڵامی ئێمە بە ڕەخنەکانی حیکمەت لەو ڕووەوە نییە کە دیفاعێکی هەمەلایەنە بێت لە "ئیرەجی ئازەرین"، وە تەنانەت ئەمان ویستووە کە وەڵامی دانە بە دانە و تەفسیلی بۆچوونەکانی حیکمەت بدەینەوە،



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

چونکە مەقالەکەی ئەو هیچ بەهایەکی زانستیانەی نییە و شتێکی زیاتر لە تیز و بۆچوون و باوەرە دواکەتووەکانی ناسیونالیزم بەولاوەی لە خۆدا هەڵنەگرتووە، بەڵکو مەبەستی ئێمە لەم کارەمان خستنە بێش چاو و رەخنەگرتنە لە پایەکانی ئوسولی سیاسی و بناغە فکرییەکانی ناسیونالیزم بەگشتی کە لە رووداوەکانی یەکسالی رابردوودا، لەلایەن تەواوی جەرەیاناتە ناسیونالیستیەکانەوە، بە دەستەوە گیراوە و بەم پێیەش بۆتە ماهیەتی چون یەک و روکاری هاوبەشی هەموو لایەن و شەخسییەتە ناسیونالیستەکان کە خودی ئالای شۆرش و حیکمەت محەمەد کەریمیش، بەشێکن لێی.

ئێمە لە جەرگەی رۆچوونمان بۆ ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و نیشاندانی پایەکانی جوڵانەوەیەکی چینایەتی سەربەخۆ و جیاواز بە ئەرکی خۆمان و هەر کرێکارێکی کۆمۆنیستی دەزانین کە ناوەرۆکی چینایەتی دژی کرێکاری و کۆمۆنیستییەکانی تەواوی ئەو بیر و بۆچوون و ئوسولە سیاسییانەی کە ناسیونالیزم لە خەباتیدا، پشتی پێ دەبەستێ لەبەردەم هاوچینەکانیدا دەربخات، کارێکی وا هەرچی کۆمەک دەکات بە رۆشنبوونەوەی فکری و سیاسی گرایشی سۆسیالیستی کرێکاری و دەستی دەگری تا لەسەر بناغەیەکی جیاوازی چینایەتی بۆ ئایندەی کۆمەڵایەتی خۆی بروانێ. سەرەرای ئەمەش ئەمرۆ مەسەلەی ئایندەی خەبات لە کوردستان و چارەنوسێک کە بڕیار لەلایەن جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەحزابی جۆراوجۆری بۆرژوازی و ئیمپریالیستەکانەوە نەسیبی خەڵکی کوردوستان ببێ، مەسەلەیەک کە لەسەر سەری چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی دا جێگای گرتووە، ئایا چینی بۆرژوازی کورد و جوڵانەوە، ناسیونالیستییەکەی ئەوزاعی ئێستا بە کوێ دەگەیەنێ و کام وەڵام بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردوستان دەداتەوە؟ بۆ کرێکارانی کوردستانیش دەبێ لەپێناو جێ خستنی ئەڵتەرناتیفی کۆمەڵایەتی خۆیاندا، جیایی خۆیان لە مەتنی کام هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا و لە بەرانبەر کام سیاسەت و ئامانجانەدا بەدی بهێنێ؟ ئەمانە پرسیارێکن وەڵامدانەوەیان سەرەتاکانی هەڵوێستگیری چینی کرێکار لە کوردستان ئامادە دەکات.

ئێمە لەم روانگەیەوە چووینەتە پای وەڵامدانەوە بە بۆچوونەکانی حیکمەتەوە، و هیوادارین لەم رووەوە کارێکمان ئەنجام دابێت.

لە کۆتایشدا جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین، کە ئێمە لەم نووسراوەماندا پشتمان بە چەندین سەرچاوە بەستووە و بە پێویستمان نەزانی کە لە مەتنی باسەکەدا نیشارەی چەندین جارەیان پێ بکەین، لەم رووەوە هەوڵمان داوە فەهرەستێک بۆ سەرچاوەکان و نووسەرەکانیان لە کۆتایی نووسینەکەدا راکەێنین.

**یەکەم: رووداوەکان و ئوسولە سیاسییەکانی ناسیونالیزم**

حیکمەت راستی وتووە کە هەر کەسێ بەپێی روانگەیەکی چینایەتی و ئوسولێکی سیاسی دەتوانێت رووداوەکان لێک بداتەوە، بەڵام بابزانین خودی حیکمەت لە رەخنەکانیدا، لە هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین کام لێکدانەوە چینایەتیە و کام ئوسولە سیاسییەی بۆ رووداوەکان دەخاتە پێش چاو.

"کێشەی کورد وەکو کێشەی گەلێک لە کوردستانی عیراق و وەک بەشێکیش لە نەتەوەی کورد کە مافی دیموکراسی خۆیانە لە روانگەی کرێکارانەوە مافی چارەنووس وەربگرن. پاسنەکراوە و زۆرتر باس لە خەڵکی کورد و ئاوارەی کورد .... دەکرێ."

"بەهۆی ئەم جەوسانەوە دووفاقەیشەوە کرێکاران ناتوانن دوور لە هەستی نەتەوایەتی و خەباتی رزگاری گەلەکەیان بزووتنەوەی سەربەخۆی رەوا بەرپا بکەن."

"ئەو ئارایشتە سیاسیە تازەیە لە ناوچەکەدا پاشترە لە زاڵبوونی رژێمی فاشی لە عیراقدا و بەهۆی ئەم رژێمە فاشیەوە مەترسی بەرپابوونی جەنگێکی کاولکاری دیکە دەمایەوە."

12/02/2021 (10) Facebook
10

کاک نیرەج زۆربەی باسەکانی بەستۆتەوە بە دوژمنایەتی و دژایەتی بۆ سەر ناسیونالیزمی کورد و هەر بەجاری پرۆەی دلسۆزی لێ بڕیون. تەنانەت وەک یەک خستونیەتە ریزی بەعسی ناسیونالیزمی دەسەلاتدارەوە.

ئەمە جگە لەوەی لەناو گەلی عەرەب و کوردیشدا کە خەباتی رزگاری دیموکراسی گەلەکەیان کردۆتە بیناوی خۆیان. هەرناسیونالیزمی تەسک باوەڕ نین:

"بەلکو دەتوانین بلێین هیچ میللەتێک لەسەر ئەرز بە ئەندازەی کورد لە کوردستاندا مەترسی لەناوچوونی نەبووە و نییە"

(تەئکیدەکان هی ئێمەن)

ئەم رستانەی سەرەوە، ئەگەرچی تینی ئازاردەرانەی" رەخنەکانی هاورێ نیرەج لە ناسیونالیستێکی ئازاری دەخاتە روو. بەلام لە هەمان کاتدا دەتوانرێ بە سەرنجدانێکی کەم هەمان ئەو ئوسولە سیاسی و بوچوونە چینایەتیانەی بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد، کە لە جەرگەی رووداوەکاندا لە خۆیان نیشان داوە دەستنیشان بکرێ. ناسیونالیزمی بۆرژوازیی "بەرەی کوردستانی" و "حیکمەت و ئالای شۆرشەکەی" دەکرێ بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بناسرێتەوە:

١ـ لە پێشەوە دانانی، هەوییەت و بەرژەوەندی نەتەوایەتی. لەپێش هەر جەشنە مەسەلە و پرەنسیپێکی کۆمەلایەتی و چینایەتی تردوە... تێروانین بۆ مێژوو و واقعیاتی عەینی و قسەکردن تەنها لە روانگەی یەک میللەتەوە. نەک ئینسان بە شێوەیەکی کشتی، یا یەک چینی کۆمەلایەتی... ئوسولێکی سیاسی ئەگەر هەبێ لای حیکمەت و کشت ناسیونالیزم هەر ئەوەیە کە دەبێ بە پێوانەی "نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی خۆ" دەست پێ بکەیت. هەروەکو چۆن رووداوەکان و ئالوگۆڕەکان شتێکیان بۆ نەتەوەکەی تۆ هێناوەتە پێشەوە کە نە شێخ و نە قازی و نە مەلا مستەفا نایان دیوە. بۆیە ئەگەر ئوسولی سیاسیت هەبێ، تەواو دەبێت بابەتیانە لێکی بدەیتەوە! و بە هەر نرخێک بووە شتێک بۆ نەتەوەکەت بەدەست بهێنێ. تەنانەت ئەگەر لە دژی تەواوی ئینسانەکانی ئەم دنیایە، راوەستابێتەوە!. ئەم تایبەتمەندییە بە رۆشنترین شێوە لە روانگەی بوچوون و کارکردنی حیزبە ناسیونالیستەکانی کورددا دەرکەوتووە، ئەوە قازانجەکانی میللەتی کوردە کە رێ دەدات لە رەشترین رۆژکارەکانی دەخالەتی ئیمپریالیستەکان لە جیهاندا بۆ داسەپاندنەوەی سەر لەنوێی میلیتاریزم و کۆنەپەرستی بەسەر تەواوی دنیادا، خۆت لە بەرەی دژی ئینسانی ئیمپریالیستەکانی وەک بۆش و تاتشەر و میجەر و میتێران و ئۆزال دا ببینیتەوە. ئەوە هەوییەتی کوردە کە رێ دەدات قازانج و دەستکەوتەکانی نەتەوەکەی خۆت لە کوشت و برین و مالوێرانی و سەرگەردانبوونی نەتەوەیەکی تری هاوزیانی خۆتدا ببینیتەوە، ئەوە بەرژەوەندییەکانی "میللەتی خۆ" یە کە رێت پێ دەدات، دەست لەناو دەستی کۆنەپەرستترین جەرەیاناتی سیاسی و مەزهەبی بنێی تا بە خاتری ئەوەی شتێک بۆ نەتەوەکەت مسۆگەر بکەیت. ئەمە ئیتر خەسلەتی ناسەرەوەی نەتەوەپەرستی بۆرژوازی و دژوەستانەوەیە بە هەر بەرژەوەندی و پرەنسیپێکی تر، کە ناسیونالیزم و حیزبەکانی لە کوردستان، پەیڕەوییان لێکردووە.

٢ـ ناوبردنی یەک نەتەوە، وەیا لەدایکبوونی ناچاری خەلکێک لە چوارچێوەی یەک نەتەوەدا، بە ناسیونالیزم و لێرەشەوە هێنانە خوارەوەی هەوییەتی ئینسانی ئەوان، بۆ سەر ئاستی تایبەتمەندی نەتەوایەتییان و بەم جۆرەش، کردنی نەتەوەپەرستی و هەستی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم بە نوێنەری سروشتی و خۆبەخۆیی دەرکەوتنی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو خەلکەی کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمان و کوردەرانی خۆیانەوە بە نەتەوەیەک ناو دەبرێن... حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستاندا و لە ئەنجامی زالکردنی ئەم بۆچوون و ئاسۆیەوەیە کە توانیویانە نەک هەر خۆیان بە نوێنەری سروشتی خەلکی بزانن، بەلکو هەر بەم شێوەیە کە سواری هەر جەشنە جەرەکەتێکی حەقخوازانە و مەتالەباتی کرێکاران و رەحمەتکێشان بوون. کە چ لەپێناو لابردنی ستەمی میللی و چ بۆ باشتربوونی وەزعیانەوە وەریان



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

خستنی ئەوە زاڵبوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزمە وەکو نوێنەری سروشتی نەتەوەی کورد، کە ڕێ دەدات دوێنێ شوراکان هەڵوەشێنێتەوە و ئەمڕۆ ئەنجومەنی نیشتمانی پێک بهێنێ. ئەوە زاڵبوونی هەمان ئەو عەقلیەتەیە بەسەر زەینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، کە بەرەی کوردستانی بۆ لابردنی ستەمی میللی تێدەکۆشێ. هەر بۆیە ئازادە لەوەی کە جارێک ئەم میللەتە لە ڕیزی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان دابنێ و جارێکی تر ئاوارەی شاخەکانیان بکا و دیسانەوە لە بەرانبەر کورسییەکانی مفاوەزەدا ڕایان بگرێت! ناسیونالیزم هەرچییەک دەکات با بیکات. ئاخر کرێکاران چەوسانەوەی "دووفاقەیان" لەسەر شانە و تا دەوری ئەم ناسیونالیزمە لە چارەسەری مەسەلەی میللەتێکدا تەواو نەبێ ئیتر کەس بۆی نییە باس لە شتێکی تر بکات ئەمە هەر ئەو ئوسولەیە کە تاکو ئێستاش لە کوردستاندا، لەلایەن ناسیونالیستەکانەوە دەبرێت بەڕێوە

٣ـ لێکدانەوەی موسیبەتەکان و بێبەشییەکانی ئینسان. جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. فەرهەنگ و هونەر و ئەخلاقیاتی ئینسانەکان بەپێی تەعەلوقی نەتەوایەتی ئەوان. دەکاتە نمونەی ئوسول و پرەنسیپێکی سیاسی تری ناسیونالیزم لە کوردستان کە لە جەرگەی ڕووداوەکاندا خستویەتییە بەرچاو گەورەکردنەوەی بەزەیی و هەڵبڕینی دەنگی هات و هاوار بۆ میللەتەکەی خۆت لەسەر حسابی پشتگوێ خستنی دەرد و مەینەتییەکانی هەرچی ژمارەیەکی زۆرتر لە کۆمەڵانی خەڵکی لەسەر ڕووی ئەم دنیایە. قسەنەکردن لە کوشتار و ماڵوێرانی و ئەو وەزعیەتە ناهەموارەی بەسەر ژمارەیەکی زۆرتر لە دانیشتوانی نەتەوەکەی خۆت، لە دەورێکدا، کە جەوی شەڕێکی گەورەی ئیمپریالیستی چارەنووسی دنیای خستوتە مەترسییەوە. بە خاتری ئەوەی کە ئاخر میللەتەکەت چاوی بڕیوەتە دەستکەوتێک. چی ترە لەوەی کە بەئەوێ بیرتەسکانە و خۆپەرستانە دەرد و مەینەتییەکانی کەس نەبینی و خۆت گەورەکەیتەوە! واقعیەت ئەوەیە کە ناسیونالیزم هەر بەم ئوسولە سیاسییەوەی بووە توانیویەتی گەورەترین سەرمایەی سیاسی لە ڕووداوەکاندا بۆ خۆی بەدەست بهێنێ. هەموو کەس دەزانێ ئەو "حەسارە ئابووری"یەی کە ئیمپریالیستەکان بەسەر خەڵکی عێراقەوە دایان ناوە هۆیەکی سەرەکی ئەو گرانی و نەبوونی و برسێتییە کە بەرببێنی بە کۆمەڵانی خەڵکی لە عێراقدا گرتووە، کەچی بۆ ناسیونالیزم تەنها حەساری ئابووری ڕژێمی بەعس لە کوردستان جێگای بەرزکردنەوەی دەنگی نارازی بوونە. ئاوارەیی میللەتی کورد بۆ هەر کەسێک، کە دژایەتی بەڵگەنەویستەکانی بیرکاری ئەکات بەهۆی بەرژەوەندییەکانی ژیانی خۆیەوە، بەشێکی واقعی و درێژبوونەوەی هەمان ئەو بەدبەختی و ماڵوێرانییە بووە کە لە کوێت و شارەکانی خوارو و ناوەڕاستەوە دەستی پێکردووە، کەچی بۆ ناسیونالیزمی کورد مێژووی ئەم موسیبەتانە، لە هێرشەکانی حەرەس جمهووری ڕژێمەوە بۆ سەر کوردستان دەست پێدەکات.

٤ـ لە کۆتاییشدا، پێویستە بۆچوون و فۆرمۆلە سەرەکییەکانی ناسیونالیزمی کورد کە لە لێکدانەوەییدا بۆ واقعیاتە مێژووییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پشتی پێ دەبەستێ. لە بناغەی ئوسولە سیاسییەکانی ئەم جەرەیانەدا بخرێتە بەرچاو، بەتایبەت کە خودی حیکمەتیش لێرە و لەوێ لە بەرانبەر ئیبرەجی ئازەریندا، دەری بڕیوەتەوە. مەقولەکانی "خەباتی کورد، شۆڕشی کورد، جوڵانەوەی کوردایەتی، ڕاپەڕین و شکست، چەوسانەوەی دووفاقە، یەکێتی ڕیزەکانی گەل، مفاوەزە و دیپلوماسیەت، ناوچە ڕزگارکراوەکان، هێزی پێشمەرگە و سوپای کوردستان، پشتیوانەی نیونەتەوەیی و ڕای جیهانی" لە ڕیزی ئەو مەقولات و مەفاهیمانەن کە بۆ بردنە پێشەوەی ئوسولە سیاسییەکانی ناسیونالیزم پشتیان پێ دەبەستێ، کە لە مەتنی ئەم نوسراوەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر هەندێکیان بکەین

لەسەر بناغەی هەموو ئەم ئوسولە سیاسیانەی حیکمەت حەقی خۆیەتی کە بۆچوونی جینایەتیانەی خۆی بخاتەکار و لە بەرانبەر بۆچوونەکانی ئیبرەجی ئازەرین دا دەنگ هەڵبڕێ و بڵێ باسی لە کێشەی کورد و مافی چارەنووسی کوردی نەکردووە، هەقیەتی بە کرێکارانی کوردستان ڕابگەیەنێت کە ئێوە چەوسانەوەی "دووفاقە"تان لەسەر شانە و تاکو هەستی نەتەوایەتییتان هەبێ، بۆتان نییە بیر لە خەباتی

10

مانەوەی رژێمی فاشی عیراق!. هەقیەتی لە بەرانبەر دنیای سەرمایەداری و نیمپریالیستەکاندا تەنها مەترسی هێرشکردن و هەڵگیرسانی شەڕی رژێم ببینێ!. هەقیەتی لە بەرانبەر یوبیابوونی ناسیونالیزمی کورددا دیفاع لە "پرزەی دلسۆزی" حیزبەکانی ناو بەرە بکات!، تەنانەت میللەتی خۆ و هەویەتی میللی تابۆی هەقیانیەتیان بە حیکمەت بەخشیوە. بەڵام هەر بەم دەلیلانەش بۆ نیمە هەقە کە ئەم کەسە لە ریزەکانی بۆرژوازی ناسیونالیستی کورددا و لە دوای جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی یەوە لە سەرەی سێیەمدا، دابنێین.

دیارە ئەو شتەی کە بۆتە مایەی نیگەرانی حیکمەت لە نووسراوەکەی هاوڕێ نیرەج، هەر ئەو ئوسولە و بەرژەوەندییە چینایەتییە جیاوازەیە کە هاوڕێ نیرەج لە لیکدانەوەی "ترازیدیای کورد"دا رەچاوی کردووە. بەتایبەت کە بۆ هاوڕێ نیرمجی نازەرین و هەر کرێکارێکی کۆمۆنیستی تر لیکدانەوەکان جیاواز دەبێت. ئەوە رەخنە لە هەویەتی میللی و بڕیاردان لەسەر هەویەتی ئینسانی و چینایەتی کرێکار وەک خاڵێکی دەست پێکردنی کلاسیکی کۆمۆنیزم، خاڵی سەرنجدانە. بۆ ئەو کە ئەزمەیەکی نێونەتەوەیی دنیای هیناوەتە سەر ئالوگۆڕ و وەرچەرخانێکی هەمەلایەنەی وا کە ئەمریکا لەسەر سەری هەموو ئیمپریالیستەکانەوە، بۆ دووبارە سازدانەوەی سەر لەنوێی پێکهاتنی نەزمی سەرمایەداری لە جیهاندا، دژوارترین و پڕ مەترسیترین جەنگی دژی بەشەری وەڕێ خست، جەنگێک کە لە ئەبعادەکان خۆیدا، هێرشێکی هەمەلایەنەی نەک هەر بۆ سەر کرێکار و کۆمۆنیزم بەڵکو بۆ سەر تەواوی بەشەریەت دەباتە پێشەوە، ئەوە جێگای مەبەستە کە لە کام ریزبەستی چینایەتییدا دەبێ رابوەستێ تاکو بتوانێ قازانجە نێونەتەوەییەکانی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری جیهانی بباتە پێشەوە. ئەو وەک هەر کۆمۆنیستێکی تر کە ئوسولە سیاسییەکانی خۆی لە "مانیفێستی کۆمۆنیست"ەوە بە دەستەوە گرتووە، لە هەر ئالوگۆڕ و وەرچەرخانێکی جیهانی و مەحەلی دا و لەنێوان بزووتنەوەی چینی کرێکاردا بۆ ئامانجە نێونەتەوەیی و هاوبەشەکانی چینی کرێکاری جیهانی دەڕوانێ و هەر بەم تایبەتمەندییشەوە دەتوانێ خۆی لە گشت بزووتنەوە و ئەحزاب و باڵە رەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی جیا بکاتەوە، بۆ نیرەجی نازەرین، ناسیونالیزم جولانەوەیەک نییە لەپێناو لابردنی ستەمی میللی و بەدەستهێنانی هەر جەشنە خواستێکی بەرابەری نەتەوایەتییدا، بەڵکو ناسیونالیزم وەک بەشێک لە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوا–ئیمپریالیستی لەپێناو پارچەپارچەکردنی ریزەکانی کرێکاران و بەگژیەکدا کردنەوەیان تێدەکۆشێ و بە حسابی میللەیەتییان لە بەرانبەر یەکتردا رایان دەگرێ و هەروەها بە وێنەی جولانەوەیەکی سیاسی هۆکارێکە بۆ یەکسەرە کردنەوەی کێشمەکێشی بەشە جیاوازەکانی چینی بۆرژوازی لە جیهاندا لەسەر بەشی بەرکەوتوویان لە کەلەکەی سەرمایەدا و لە چوارچێوەی هەر میللەتێکیشدا هەوڵدەدات کە هەر جەشنە جولانەوەیەکی هەقخوازانە و بەرابەری خوازی لە چوارچێوەی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوازیدا بهێڵێتەوە، و بەم پێیەش جەرمیانەتە ناسیونالیستەکان بۆ نیرەجی نازەرین نەک هەر جێگای پشتیوانی و بینینەوەی "پرزەی دلسۆزی" نین، بەڵکو خەباتی سۆسیالیستی کرێکاری کاتێ دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ کە ئەم جولانەوەیەی لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ناکام خستبێتەوە و کرێکارانی بە "هەستی ئەنتەرناسیونالیستییەوە" یەکگرتوو کردبێت. بە پێچەوانەی حیکمەتەوە بۆ نیرەجی نازەرین مەقولەکانی "خەباتی کورد، سەرزەمینی ئازادکراو، چەوسانەوەی دووفاقە، یەکێتی ریزەکانی گەل" نەک هەر هیچ بەهایەکیان نییە. بەڵکو لە پشت سەری هەموو ئەمانەوە خورافات و جەهالەتێکی بۆگەنی بۆرژوایی راوەستاوە، کە لەپێناو تونکردنەوەی زنجیرەکانی کۆیلەیەتی کرێکاران، لەکاردان بۆ ئەو شۆڕشی کرێکاری، خەباتی چینایەتی، بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری کرێکارن، لەبەین بردنی



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (10) Facebook

10

مولکدارێتی تایبەتی. هەڵوەشانەوەی کاری کرێگرتەیی. مەبنای لێکدانەوە و دەرخستنی تایبەتمەندیەکی ئازاد و بەرابەری واقیعییە بۆ ئینسانەکان

ئەمڕۆ بۆ هەر کرێکارێکی هۆشیار، ئەگەر ئوشی داوی ئوسولە سیاسییەکانی ناسیونالیزم و بۆچوونە چینایەتییەکانی حیکمەت نەبووبێ، دەتوانی بە سەرنجدانێکی کەم لە خودی ئەوراعی ئێستای کوردستان ئیدعانامەی سەربەخۆیی خۆی بە جیا لە ناسیونالیستەکان ڕاگەیەنێ و بپرسێ ئایا بزووتنەوەیەک کە هیچی لە وەزعیەتی من نەک هەر نەگۆڕی، بەڵکو خراپتری کردووە، بۆ بزووتنەوەیەک کە زیانی هەبووە بۆ بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی من وەک چینێکی جیهانی، دەتوانم ئەوە بەرێز بۆ خۆم و باقی هاوچینەکانی تر بە حساب بهێنم کە چاکم کردووە بەشداریم لە بزووتنەوەیەکدا کردووە کە ناسیونالیزم و ئیمپریالیستەکانی پێ بەهێزبووە؟ ئایا بەراستی و تاکەی دەتوانرێت لەلایەن کرێکارانەوە، ئەوە پەسەند بکرێ کە بزووتنەوەیەک هەرچی زیاتر برسێتی و بێکاری و ژێردەستەیی چینایەتی ئەوانی توندتر و توندتر کردبێتەوە و کەچی هێشتا ئەوان لێگەڕێن چونکە ئەو بزووتنەوەیە "میللەتی کوردی لە مەترسی لەناوچوون بۆ هەتاهەتایە ڕزگارکردووە"؟ ئایا کرێکارانی کوردستان دەتوانن تا سەر ڕێ بدەن کە مێژوو شکستی شێخ و قازی و مەلاکان بەو ئاکامە بگەیەنێت، کە ئەوان هیچ کارێک نەکەن، تاکو ناسیونالیستەکان قۆناغی ناسیونالیستی خۆیان لە دامەزراندنی "دەوڵەتی کوردی" تەواو دەکەن و دوای ئەوە بیرێک لە خۆیان بکەنەوە؛ ئایا ئەمانە هەموو شایانی ئەوەن بۆ کرێکارانی کوردستان کە سەربەرزی و شکۆمەندی خۆیان لە جوڵانەوەیەکی کۆنەپەرستی وادا ببیننەوە، کە کوردستانی بە وێنەی قەڵایەکی کۆنەپەرستی و ئیسرائیلی دووەم، داتاببێنەوە؟

## دووەم: ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی محەللی

حیکمەت لە ڕەخنەکانیدا لە مەقولەکانی (قوربانیانی ئیمپریالیزم، ناسیونالیزم و ناسیونالیزم)ی هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین، هەم لە مەیدانی کێشەی میللی و هەم لە چۆنیەتی ناسینەوەی ناسیونالیزم و خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللیدا، بۆچوونێکی بۆرژوا-ناسیونالیستانە، لە زمانی ڕۆشنبیرێکی دواکەوتووی کوردەوە بەدەستەوە دەدات. دیارە حیکمەت باش دەورکردنەوەی کتێبەکانی جەلال تاڵەبانی و قاسملۆ سەبارەت بە شۆڕشی کورد و کوردایەتی و پێداویستییەکانی، شۆڕشی نەتەوایەتی کورد، پێ داگری لەسەر هەمان ئەو بیروباوەڕە دواکەوتوانە دەکاتەوە، کە ساڵەهای ساڵە بەهۆیانەوە زەینی کرێکاران و زەحمەتکێشانیان، نەک هەر لە مەیدانی خەباتی چینایەتییدا، بەڵکو لە مەیدانی خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللیدا، بە لاڕێدا بردووە و ئەوانیان لە زنجیرەی خورافات و دواکەوتوویی و جەهالەتی نەتەوەپەرستیدا توند کردووە. هەر بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێت لە باوەڕەکانی ئیرەجی ئازەرین لەو نوسراوەیەدا بە ڕۆشنی تێ بگات دەبێ ڕیزی خۆی لەو بۆچوونانە، کە خۆی بۆچوونەکانی ناسیونالیزمی سوننەتییە، جیاکردبێتەوە. دەنا بە وێنەی، حیکمەت لە مەیدانی لێکدانەوەکانیدا، لەسەر ناسیونالیزمی کورد و دەورێک کە گێراویەتی بۆ لابردنی ستەمی میللی خۆی لە ڕیزی بۆرژوا ناسیونالیستەکاندا دەبینێتەوە.

بەڵام سەرەتا بابزانین حیکمەت چی لەبارەی ناسیونالیزم و بزووتنەوەی میللیەوە دەڵێ

یەکەم: حیکمەت پێی وایە تاکو ئێستاش لە زۆر ناوچەی دیکەی جیهاندا میللەتان (١) پێچەوانەی خواستەکانی ئیمپریالیزم لە خەباتی ڕزگاری و دیموکراسی دان کە پێویستە تەواوی ئەم خەباتە ڕزگاریخوازانە هاوچەرخانە هەڵسەنگێندرێت و لە چوارچێوەی ستراتیژێکی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا کۆمۆنیستەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، نەک بە کۆنەپەرست و بۆگەنیان بزانن.

ئەوەتا نمونەی ئەو خەباتەش لە جیهاندا زۆرن



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

10

... باسکەکانی ئیسپانیا و ئیرلەندییەکانی بەریتانیا و ئەفریقاش هەتا دێ پەرەدەستێنێ.

لێرەوە حیکمەت ئەنجام دەگری و رادەگەیەنێ کە:

"کێشەی نەتەوایەتی سەرباری پێشکەوتنی زۆری سەرمایەداری لە جیهاندا، لەو شوێنانەی شایەنی دیموکراسییان نەزانراوە، وەک پرۆسەیەکی مێژوویی هەتا دەوری کۆمەلایەتی خۆی بە تەواوی تەواو نەکا، ستەمە رابوەستێ..."

دووەم حیکمەت لە ئەنجامی خالی یەکەمەوە بڕوا بەوە دەهێنێ کە:

"هیچ میللەتێک بە ئەندازەی کورد لە کوردستاندا مەترسی لەناوچوونی نەبووە و نییە، بۆیە شتێکی رەواشە بزووتنەوەی رزگاری ئەم میللەتە بۆ رزگاری و دیموکراسی هەتا وەرگرتنی مافی چارەنووس، حۆش بخوات."

سێهەم حیکمەت باش لێکدانەوەی خۆی لەسەر کێشەی "میللەتان" ناواتە لەسەر "ناسیونالیزم"ی عەرەبی و کوردی دەکات: "داخۆ ئەو ناکۆکییەی لەنێوان ناسیونالیستە عەرەبەکان و ئەمریکادا هەیە، رەوا و پێشکەوتن خوازانەیە، یاخود نارەوا و کۆنەپەرستانەیە؟ بەش بە حالی خۆم پێم وایە ئەگەر ئەو ناکۆکییە لە زۆر بارەوە لەنێوان ناسیونالیزمی عەرەب و ئەمریکا و نۆکەرانی رەوا نەبا و ئەمریکاش بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری نەکردبا..."

لە جێگایەکی تردا بە زمانێکی گلەیی کردنەوە لە هاوڕێ ئیرەج دەلێ:

"بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی کورد و عەرەبیشدا نییە رووداوەکان بخرێتە قالبی قینەبەرایەتی بەتەوایەتییەوە."

وە لە دیاریکردنی جێگا و رێگای هەریەکە لە ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردی ناوا سەرنج دەدات بۆیە دەلێت هاوڕێ ئیرەجی نازەنین

"ناسیونالیزم چەوساوە بێت یان چەوسێنەر، فاشی بێت یان تێکۆشەر، بکوژێ و بکوژرێ، بە یەک چاو سەیر دەکات(!)"

حیکمەت بەم بۆچوونانەیەوە ئەگەرچی لە جێگای رەخنەگرێکدا راوەستاوە، بەلام پاشەرپاش بۆ دواوە تەنکیدەکان هی ئێمەیە دەڕوانێ تاکو سورەتێکی کشتی دواکەوتوانە و کۆنی ناسیونالیستەکان لەمەر مەسەلەی میللی و ناسیونالیزم وەک جەرەیانێکی کۆمەلایەتی و سیاسی بخاتە پێش چاومان. ئەو پێی وایە هێشتا دەوران دەورانی ئیستیعمارگەرایی و خەباتی میللەتانە لە دژی ئیمپریالیزم و رژێمە داگیرکەرەکان و هێشتا نە کات کاتی خەباتی چینایەتی کرێکار و نە کاتی بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکارییە. چونکە مەسەلەی میللی و میللەتان هێشتا "وەک پرۆسەیەکی مێژوویی دەوری کۆمەلایەتی خۆیان" تەواو نەکردووە و دەبێ بەهۆی شۆڕش و جولانەوەیەکی رزگاری ئیشتمانی یا دیموکراتییەوە ئەم پرۆسەیە ببڕن تاکو لە مافی چارەنووس و دامەزراندی دەولەتی نەتەوەیی بەهرەمەند بن. نمونەی ئەم خەباتەش نەوەتانێ "لە میللەتانی یوگۆسلاڤیا و شورەوی و بالتیک دا "هەر لە پەرەسەندن دایە". بێگومان لە بۆچوونێکی ئاوادا بۆرژوازی نەتەوە ستەم لێکراوەکان، یانی ناسیونالیزم، هێشتا جەرەیان و چینێکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕن، یانی هێشتا "خاوەن بڕزەی دلسۆزین" و وەک نوێنەری سروشتی و خۆبەخۆی میللەت و خەبات بۆ لەناوبردنی ستەمی میللی شوێن دەگرن. بۆیە دەبێ بە چاوێکی ترەوە سەیریان بکرێت. هەروەها حیکمەت لە بۆچوونەکانیدا جولانەوەی میللی "یانی هەمان جولانەوەی ناسیونالیستی" بە وێنەی "جولانەوەی دایک" بۆ هەر چەشنە جولانەوەیەکی چینایەتی و هەقخوازانەی تری نێو کۆمەلگا پێناسە دەکات. چونکە بەدوای خۆیدا "رزگاری و

10

دیموکراسیەت بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەهێنێ و وەزعی ژیان و گوزەرانیان لەم ڕێگایەوە باشتر دەبێ...

سەرەتا. با ئەوە بڵێین کە حیکمەت ئەگەرچی خۆی لە ڕیزی ناسیونالیستە بیرتەسکەکان دا نابینێتەوە، بەڵام لە ئیعجاب یدا بۆ "میللەت" و مەسەلەی میللی لەچاو بۆیۆلیسنەکانی ١٢٠ ساڵ لەمەوبەری ڕوسیادا هێشتا ئەو مەوقعیەتێکی بۆرژوازی کۆنەپەرستانەی گرتووە. بۆیۆلیستەکانی ڕوسیا چەندە باسیان لە میللەت و گەل و شتی وا کردبێت. هێندەی حیکمەت مقولەکانی "خەباتی ڕوس"، "شۆڕشی ڕوس"، "بزووتنەوەی ڕوسیا"، "ڕوسایەتی" و شتی لەم بابەتەیان بە زماندا نەهاتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بۆیۆلیستەکانی ڕوسیا لە پشت سەری مەقولەکانی میللەت و گەلەوە بۆ دەورەیەک ڕەوتی ڕادیکالیزمی کۆمەڵایەتییان نوێنەرایەتی کردووە، بەڵام بۆ حیکمەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، تەنها یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە پشت سەری مەقولەکانی "میللەتی کورد"، "خەباتی کورد"، "شۆڕشی کورد" وەک نوێنەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و بۆ دیفاع لە نامانج و بەرژەوەندییەکانی ناسیونالیزم و جوڵانەوەی بۆرژوا-ناسیونالیستی بە بەرگێکی دواکەوتوانە و کۆنەپەرستانەوە خۆی بناسێ...

حیکمەت وەک هەر ناسیونالیستێکی تر بۆ داکۆکی کردن لە ئەزمراتەکانی پێشووی ناچارە بە نینکارکردن و ناوەژووکردنەوەی چەند ڕاستییەکی واقعی و کۆمەڵایەتی پشت ببەستێ:

١ - واقعیەتی ئەوەی کە هێشتا سەرمایەداری بەسەر دنیادا زاڵ نەبووە و هێشتا سەردەمی شۆڕشە کرێکارییەکان نەهاتووە.

٢- "میللەتان" هێشتا نە سەرمایەدارین و نە مەوجودیەتی چینی کرێکار و سەرمایەدار لەنێوانیاندا، پەیدابووە.

٣- هێشتا خەباتی چینایەتی ناوخۆی "میللەتان" نەبۆتە سەرچاوە و محوەری سەرهەڵدانی جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگاکان.

٤ - سەرئەنجامیش چینی بۆرژوازی نێوخۆی "میللەتان" هێشتا کۆنەپەرست نییە و بەڵکو "بڕزەی دڵسۆزی" لە ڕاستای چارەسەری مەسەلەی میللیدا هەر تیا ماوە.

٥ - ناسیونالیزم وەک مەکتەبێکی سیاسی و جوڵانەوەیەکی بۆرژوازیی، بەجیا لە بوونی ستەمی میللی، کە بۆ قازانجەکانی ئەم چینە دێتە مەیدانەوە، ناناسرێت، بەڵکو لە بۆچوونەکانی حیکمەتدا، ناسیونالیزم یەکسانە بە هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی بەرهەڵستانە لەپێناو لابردنی ستەمی میللیدا.

٦- ..........

بەڵام بە پێچەوانەی حیکمەتەوە سەرمایەداری ئەمڕۆ بەسەر تەواوی دنیادا زاڵە، پەیوەندییەکانی کار-سەرمایە لەمێژە پەیوەندی جیهان داگری خۆی لە ڕێگای زۆرانبازی چینایەتی لەنێوان چینی کرێکار و بۆرژوازییەوە بە پێوانەیەکی جیهانی دەڕواتە پێشەوە، "میللەتان"، وەیا بە واتایەکی تر کۆمەڵگەکان ئەمڕۆ لە تەواوی دنیادا، هەروەک چۆن کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارین، لە هەمان کاتدا چینی کرێکار و بۆرژوازی دوو قوتبی ئەسڵییان پێکهێناوە، ستەمی میللی وەک هەر نابەرابەری و بێ مافییەکی تر (نە لە پاشکەوتوویی پەیوەندییە نابوورییەکانی پێش سەرمایەدارییەوە) بەڵکو لە خودی پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە، سەردەمی ئێمە دەمێکە سەردەمی شۆڕشە پرۆلیتێرییەکانە و لەم سەردەمەشدا خەباتی میللی هەرچەندە پایەیەکی واقیعی لە پەیوەندییەکانی ژێر بینای نابووری لە کۆمەڵدا لەدەستداوە ڕزگاری نەتەوایەتی خۆی لە خۆیدا دەرخەری هیچ تێپەڕبوونێک نییە بۆ ئەڵقەیەکی باڵاتر لە کامڵبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و باشتربوونی وەزعیەتی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. یانی خەبات لە دژی ستەمی میللی ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێک لە خواستی بۆرژوازییەوە سەرچاوە ناگرێ، لەبیناو پێکهێنانی یەک بازاڕی نەتەوەیی بۆ سەرمایە و سەرمایەگوزاری لەو بازاڕەدا لەسەر بناغەی ئەم ڕاستیانە



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (10) Facebook

مەسەلەی میللی بۆ کۆمۆنیستەکان دەبێ بە لابردنی ستەمی میللی چارەسەر بکرێت. ئەمەش نە پێویستی بە شۆڕشێکی تایبەتی یە و نە بە "مامەڵەی هاوچەرخانە" هەیە و نە شایەنی ئەوەیە ستراتیژی شۆڕشگێڕانەی بۆ دابنرێت. بەڵکو مەسەلەکە زۆر سادەیە. گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خەڵکی هەر نەتەوەیەک لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. کێشەکە چارەسەر دەکات ئەمەش یا ئیتر یا بە یەکێتی میللەتە جۆراوجۆرەکان، بە ماف و ئیمکاناتی بەرابەریانەوە، لە چوارچێوەی فراوانی وڵاتێکدا بە سەرەنجام دەگات، وەیا بە سەربەخۆیی و مافی حاکمیەتی میللەتی ژێردەستە تەواو دەبێ. هەڵبەتە ئەمڕۆش نە هیچ ڕێکەوتنێک لە سەرەوە و لەنێوان دەوڵەتان و حیزبە ناسیونالیستەکاندا، وەیان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا ناتوانێ جەوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئازادانە بێت بۆ بڕیاردانێکی گشتی کۆمەڵایەتی خەڵکی و بەم پێیەش کێشەکە لە شوێنی خۆیدا بە چارەسەر نەکراوی دەهێڵێتەوە. فاکتۆرێک کە بتوانێ فەزایەکی ئاوەڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وا بخولقێنێ وەیان بەسەر بۆرژوازی و حکومەتەکانی دا دای سەپێنێ، کە بەهۆیەوە، ئازادانە ئیرادەی زۆربەی زۆری خەڵکی ئاراستە بێت ڕووە و دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان، تەنها خەباتی چینایەتی کرێکار و گرایشی سۆسیالیستی ئەم چینەیە لە دژی بۆرژوازی و گشت ئیزامی سەرمایەداری، خەباتێک کە لە ڕەوتی خۆیدا زەمینەکانی لەبەین بردنی هەر جۆرە ستەم و نابەرابەرییەک ئامادە دەکات.

بە پێچەوانەی تێگەیشتنی حیکمەتەوە لە ناسیونالیزم. ناسیونالیزمیش یەک مەکتەبی سیاسییە، وەک محافەزەکاری و لیبرالیزم. ناسیونالیزم وەک ئەم مەکتەبانە جۆرێک لە ڕێکوپێکی ئابووری و سیاسی و پەیوەندی ئینونەتەوەیی لەبەرچاوە. بەڵام جیاوازی لەم مەکتەبە سیاسییانەی تر لەوەدایە کە دڕکی خۆی بۆ جیهان و ڕێکوپێکییەک کە خوازیاریەتی لە دەوری "میللەتی من" فۆرمۆلە دەکاتەوە و مدەعی ئەوەیە کە تەواوی دانەدانەی میللەتەکەی یەک بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە.

ناسیونالیزم وەک هەر مەکتەب و جوڵانەوەیەکی سیاسی بۆرژوازی نە لە مەوجودیەتی مەحەلییەکەیەوە و نە لە بوونی ستەمی میللیشەوە پەیدا دەبێ، بەڵکو وەک چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی بۆ ئینسانەکان لە سەرانسەری دنیادا مەوجودە و فکر و سیاسەت و جوڵانەوە و حیزبی خۆی دەهێنێتەوە مەیدانەوە. بەبێ ئەوەی ستەمی میللی مەوجود بێت وەیان هەر لە سەرەتاوە محدودەی مەحەللییەکەی لەبەرچاو گیرابێت. هەبوونی ستەمی میللی و وجودی مەحەللی بۆ ناسیونالیزم، تەنیا لایەنە تایبەتیەکان و کارکردە دیاریکراوەکانی ئەم گرایشە کۆمەڵایەتییە مانا دەکاتەوە. بۆ نموونە حیزبی ناسیونالیستی ئوسکوتلەندە، بەهۆی ستەمی میللییەوە پەیدا نەبووە و ماهیەت و ئامانجەکانیشی دەکرێ لەنێوان زۆر حیزبی ناسیونالیستی تردا. لە جیهان بەرچاو کەوێ، ناسیونالیزم لە چوارچێوەی مەحەللییەکەیدا ناتوانێت وەڵامێک بێت بە ستەمی میللی و بەرزکردنەوەی هەر چەشنە خواستێکی هەقخوازانە لەپێناو بەرابەری میللیدا بەڵکو ئەو وەک هەر بزووتنەوەیەکی تری بۆرژوازی لە جیهاندا. لەپێناو پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە دەروونییەکانی بەشە جۆربەجۆرەکانی بۆرژوازی لە موناسەباتی سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزم دای لە ئەستۆیە. تاکۆ لەم ڕێگەیەوە سەهم خوازی سەرمایە و سەرمایەگوزاری ئەم چینە لە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەداریدا دیاری بکات. وەیا بە وتەکەی خودی هاوڕێ ئیرەج: "ناسیونالیزمی کورد قسە لەسەر بەدەستهێنانی مافی میللی دەکات بەبێ ئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ بەرابەری میللی لەبەرچاو بێت، بەڵکو مەبەستی ئەو بە سادەیی بریتییە لە داواکردنی بەشێک لە دەسەڵات بۆ حیزبە ناسیونالیستەکەی خۆی. جگە لەمەش بزووتنەوەی میللی ئیتر بەپێی مەوجودیەتی چینە ئەسڵییەکانی کۆمەڵ ناتوانێ چەترێک بێت بۆ بردنە پێشەوە و سەرهەڵدانی هەرچەشنە جوڵانەوەیەکی تر لە کۆمەڵدا. بەڵکو ئەوە جوڵانەوەی چینە ئەسڵییەکان و قازانجە جیاوازەکانی ئەوانە بەدوای خۆیاندا جوڵانەوەی جۆراوجۆر، بە وجود دەهێنێ، بەم جۆرەش ڕاستەوخۆ لە پشت سەری هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی کار و سەرمایە ڕاوەستاوە. ئەو



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (10) Facebook

10

بۆچوونەی کە "خەباتی میللی و شۆڕشی میللەت" وەک. دایکێک لە بەرانبەر هەبوونی چینەکان رادەکری. جگە لەوەی بە رەوابوونی ناسیونالیزم وەک کرایشێکی سروشتی خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی رادەکەیەنی. لە پشت سەریشیەوە قازانج و پێداویستییەکانی جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی زیندوو یانی بۆرژوازی دەپارێزی.

بێگومان ئەمڕۆ لە زۆر جێگەی دنیادا هەروەک حیکمەت نیشارەی بە هەندێکیان کردووە* ستەمی میللی واقعیەتێکە و بەردەوام بوونیشیان بۆتە مایەی بەهێزبوونی جولانەوەی ناسیونالیستی و حیزبە تەقلیدیەکانیان ناتوانرێ تا سەرەوەی خەسلەتی بزووتنەوەی دژی ستەمی میللی و هێزی بزوێنەر و ناسۆی ئەم بزووتنەوەیە بێت. حوکمێکی ناوا کە خەبات لە دژی ستەمی میللی تەنها بە ناسیونالیزم دەبینێ. ئەوە بۆچوونێکە کە قسەکەرانی سەرمایەداری لە تەواوی مەیدانەکانی خەبات لە دژی هەر جۆرە ستەم ، بێ مافییەکدا دەکاتە روانگەیەک. تاکو بەهۆیەوە بتوانێ ئەم بزوتنەوانە لە چوارچێوەی نامانجەکانی بۆرژوازیدا بهێڵێتەوە.

بەڵام تا ئەو جێگایەی حیکمەت وەک رەخنەگرێک باس لە "جولانەوەی کوردستان" و ناسیونالیزم دەکات، بێویستە لە روانگەی ئەو بۆچوونانەوە کە پێشتر خستمانە روو کەمێک وردتر قسە بکەین تاکو رۆشنتر "تێزە" دواکەوتو و مایەپووچەکانی حیکمەت لە رەخنەکانیدا بۆ سەر نیرەجی نازەرین دەرکەوێت

بێگومان هەبوونی ستەمی میللی لە کوردستان واقعیەتێکە. کە هیچ کەس ناتوانێت نینکار لە نەبوونی بکات، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی حیکمەتەوە ئەم ستەمە بەپێی ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سێ دەیەی رابردوو کە بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا هاتووە، ناتوانرێت بە تێز و لێکدانەوە ناعیلمی و دواکەوتوانەی حیکمەت و هەر ناسیونالیستێکی تر سەرنجی بدەرێت. بەتایبەت کە ئاڵوگۆڕەکانی چەند دەیەی رابردوو هەرچی زیاتر کۆمەڵی کوردستانی وەک کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری جی خستووە. سەرەتا. پرۆسەی ئیسلاحاتی زراعی سالانی (٦٠) و پاشان دەست پێکردنی دەورەیەکی خێرا لە گەشەی سەرمایەداری لە ناکامی چوونە سەری بەهای نەوتەوە. لە سەرەتای سالانی (٧٠)کان بۆ سەرەوە و پاشان دەست پێکردنی دەورانی رکود و ئینجا ئەزمە یەک لەدوا یەکەکانی سەرمایەداری لە عیراقدا بەگشتی بەدوای خۆیاندا ئاڵوگۆڕێکی ریشەییان لەژێر بینای ئابووری و مناسەباتی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا. هێناوە و بە وێنەی هەر کۆمەڵگایەکی تری سەرمایەداری بە تەواوی پەیوەندییەکانی کاری کرێگرتەیی زاڵکردووە بەسەر بەکارهێنانی کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و مناسەباتی دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ و کۆکردنەوەی ساماندا. فراوان بوونەوە و قوڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لە کوردستان لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا هەرچی زیاتر روخساری شارنشینی و پەیوەندی کاری کرێگرتەیی تیا پەرەپێداوە و و سەرەنجامیش قوتبی بونەوەی دانیشتوانی کوردستان لەنێوان دوو چینی ئەسلی کۆمەڵ.

---

* حیکمەت کاتێ جولانەوەی میللەتانی شورەوی و یۆگۆسلاڤیا و باڵتیک. و... بە نمونەی "پەرەسەندوی جولانەوەی هەقخوازانە دەزانێ. هەرچی زیاتر قسەکانی ئێمە دەسەلمێنێ. لەکاتێکدا بەلای ئێمەوە ئەو جولانەوانە. جگە لە جولانەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیستی لە چەشنی ئەوەی کە لە کوردستاندا مەوجودە شتێکی تر نین بەو لاوە. ئەو بزووتنەوانە بزووتنەوەی ناسیونالیستین کە لە پێناو جێ خستنی سەرمایەداری بازاڕ و هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی بە قازانجی رێکخستنەوەی مناسەباتی بەشە جۆربەجۆرەکانی بۆرژوازی لەو شوێنانەدا و دیاریکردنەوەی جێگاوڕێگای هەر یەکەیان و لەژێر چەتری میللەتەکەی خۆیدا لە نیزامی نوێی جیهانی سەرمایەداریدا. سەریان هەڵداوە.



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (10) Facebook

بانی کریکاران و سەرمایەداران دا بەوجود
جیاوازی چینەکانی لە کوردستاندا کردۆتە مەسەلەیەکی محوەری و بەم پێیەش مێژووی سیاسی کوردستانی بە ڕووبەڕووبوونەوە و زۆرانبازی ئاسۆ و ئامانج و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییە جیاوازەکانەوە ، گری داوەتەوە. هەبوونی گرایشاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و سەرهەڵدانی ئەحزاب و ڕێکخراوە و جوڵانەوەی جۆراوجۆری سیاسی و خەباتکارانە لە کوردستان بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو لە دەوری مەسائیل و کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم واقعیەتانە پشت ئەستور بووە. مەسەلەی میللی لە کوردستان بە پێچەوانەی "چەوسانەوەی دووفاقەی" حیکمەتەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم واقعیەتانە و لە دەوری گرایشاتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئاسۆ و ئامانجە چینایەتییەکانەوە وەک هەر کێشەیەکی تری کۆمەڵایەتی هاتۆتە پێشەوە و سەرنجی بۆ دراوە. بۆ بۆرژوازی کورد، مەسەلەی میللی تەواوی پلاتفۆرم و بەرنامەکەی بووە. کە لەباری سیاسییەوە شتێکی تر نەبووە جگە لەوەی چوارچێوەیەک بێت بۆ سازانی نێو دەوڵەتان و وەرگرتنی چەند ئیمتیازاتێک لە دەوڵەتی مەرکەزی. ناسیونالیزم لە کوردستان، سەرەڕای ئەوەی لە باری ئایدیۆلۆژییەوە ئامرازی دەستی بۆرژوازی کورد بووە، بەڵام وەک جوڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزی باڵادەستی بێ ڕەقیبی ساڵەهایەوە، بەناهەق لە جێگای بەربەرچدانەوەیەک دا بە ڕووی مەوقعیەتی ژێر ستەمی خەڵکی کورد حساب کراوە. ئەمەش زەمینەی ئەوەی سازکردوە کە سەرهەڵدانی ئەحزابی جۆراوجۆری بۆرژوا--ناسیونالیستی و ڕووبەڕووبوونەوەیان وەک ئۆپۆزسیونێکی ناسیونالیستی لەبەرانبەر ڕژێمی مەرکەزیدا. لە قالبی ئەحزابێکدا بیان خاتەڕوو کە بۆ لابردنی ستەمی میللی سەریان هەڵدا بێت. لە کاتێکدا ناسیونالیزم لە کوردستان، ئامرازی بەدەستهێنانی ئیمتیاز و باشتربوونی وەزعیەتی "بەشی" بۆرژوازی کورد بووە، وەک بەشێک لە کۆمەڵ. سەرهەڵدانی حیزبە ناسیونالیستەکان، بەیانکردنی ئەم خواست و ئیعترازەی بۆرژوازی کورد بووە. بۆرژوازی کوردی لە ئامانجە ناسیونالیستیەکانی وەکو ئۆتۆنۆمی، مافی چارەنووس، فیدراڵی و جیابوونەوە... بە مانای خواستی هاوبەشیکردن بووە لە دەوڵەت و سیاسەتەکانیدا. کە بۆ خۆی بتوانێ وەک پشتیوانەیەکی ئیجرایی و مالی و قانونی بۆ خێراتر و لەبارترکردنی کۆکردنەوەی سامانی چینایەتی خۆی. بەم پێیەش تەواوی ئەو ئامانجە بە مانای "سەهم خوازی" زیاتر لە تواناکان و ئیمکاناتە سەرانسەرییەکانی سەرمایەدا. هەڵبەتە ئەمەش کاتێک دەتوانرێت بۆ بۆرژوازی کوردی مسۆگەر بێ، کە تەواوی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان -بە مەسەلەی میللیشەوە- بخرێتە کەنارەوە، وەیان لە چوارچێوەی کنتی ئامانجەکانی چینی بۆرژوازیدا لە زنجیر بدرێن.

بەڵام بۆ کرێکارانی کوردستان و گرایشی سۆسیالیستی ئەو کێشەی میللی وەک بەشێک لە سەرخانی سیاسی سەرمایەداری دەتوانێت سەنگەرێک بێت لەپێناو بەڕێوەبردن و فراوانکردنەوەی هەڵسوڕانی سیاسی چینایەتی خۆی و لابردنی کۆسپەکانی بەردەم دەرکەوتنی هەرچی ڕۆشنتری خەباتی چینایەتی لە دژی بورژوازی لە کوردستان. لابردنی ئەم ستەمە بۆ کرێکاران، نە چارەی "ڕزگاری و دیموکراتی"یانەی حیکمەتی دەوی و نە پێویستی بەوەیە کە وەک، قۆناغێک لە کاملتربوونی کۆمەڵگای کوردستاندا سەرنجی بۆ بدرێت. بەتایبەت کە لابردنی ستەمی میللی لە کوردستان هەرگیز بە مانای باشتربوونی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان نییە. کە زۆربەی زۆری کۆمەڵی کوردستانیان پێکهێناوە. لابردنی ستەمی میللی بۆ کرێکاران نە بە مانای لەناوچوونی چەوسانەوەیە و نە بە مانای زەمانەتە کۆمەڵایەتییەکان ، زەمانەتی بێکاری و کەمکردنەوەی سەعاتکار و لابردنی ستەمە بەسەر ژنانەوە. تەنانەت بە مانای ئازادی بەیان و بیروباوەڕ و خۆڕێکخستن و مانگرتن ... نییە.

ناسیونالیزم ئەگەر لە دەورانی پێشوویدا بە مانای لەنێوبردنی باجگیری و سەرانەی حکومەتی مەرکەزی و لەنێوبردنی دەرەبەگایەتی بوو بێت و بەم پێیەش خۆی بە ژیان و گوزەرانی زۆربەی خەڵکەوە



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (11) Facebook

11

خری دابینەوە. ئێستا بەهۆی زاڵبوونی سەرمایەدارییەوە لە کوردستاندا ئەم خاسیەتەی نەماوە و ئەوی وەک جولانەوەیەکی کۆنەپەرستی بۆرژوازی داناوەتەوە و زەحمەتکێشانیش ژێردەستەیی هەمان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرمایەن.

مەوجودیەتی ناسیونالیزم لە کوردستان ساڵەهای ساڵە بۆتە مایەی ئینکارکردنی تەواوی ئەم واقعیاتانەی کە ئیشارەمان پێکردووە زەینی زۆربەی خەڵکی کوردستانی بەلاڕێدا بردووە.

حیکمەت وەک کەسێکی ناسیونالیست سەرەڕای "هیواکانی ئەوەی کە بتوانێ کەند و کۆسپەکانی بەردەم خەباتی کرێکاران راماڵێت" و "فریای شۆڕشی سۆسیالیستی بکەوێت" لە درێژەپێدانی هەمان واقعیەتی زەینی مەوجوددا، پەلویۆی رەخنەگرانەی لە دژی هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین کوتاوە و هەر بۆیەشە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا ئینکارکردنی ئەم واقعیەتانەی کردۆتە مەبەستی خۆی... بەڵام ئاخرین قسەی دڵی کرێکارێکی کۆمۆنیست بۆ حیکمەت سەبارەت بە بیروباوەڕەکانی لەسەر مەسەلەی میللی و ناسیونالیزم. هەر ئەوەیە کە بڵێ:

"ئاغای کۆنەپەرستی ناسیونالیست!
تێزەکانی ئێوە لەمێژە کۆن بووە و ناوەڕۆکی بۆگەنیوی خۆی
دەرخستووە، ئاینده و شۆڕش و ئامانجێک کە ئێوە ئیدعای
بۆ دەکەن، دەمێکە بەسەرچووە.
بەڵێ ئاغایانی کۆنەپەرست! شیعاری ئێمە هەر ئەوەیە کە
کرێکارانی کۆمۆنی پاریس ڕایان گەیاندووە.
**فەرەنسا مردووە، بژی بەشەرییەت.**"

### ناسیونالیزمی عەرەبی، ناسیونالیزمی کورد، ئیمپریالیزمی ئەمریکا و حیکمەت لە کام لایە؟

حیکمەت وەک ناسیونالیستێک، ئۆپۆرتۆنیستێکی سیاسیشە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە بە بۆچوونە رەخنەگرەکانییەوە لە بەرانبەر بۆچوونەکانی هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین دا. حەرەکەتێکی زیکزاکانە دەگرێتە بەر و هەر جارە لە هەڵوێستەکانیدا لە بەرەیەکی ناسیونالیستیدا خۆی دەبینێتەوە.

یەکەم: "لە بەرەی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و ناسیونالیزمی عەرەبی"دا حیکمەت دەکەوێتە بەرەی "حکومەتی بەعسی فاشییەوە" چونکە پێی وایە ئەم ناکۆکییە لە تەرەفی ناسیونالیزمی عەرەبییەوە شتێکی "رەوا و پێشکەوتن خوازانەیە".

کاتێک بەلای حیکمەتەوە ناسیونالیزم یەکسان بێت بە بزووتنەوەیەک لەپێناو لابردنی ستەمی میللیدا. کاتێک ناسیونالیزم وەک نوێنەری سروشتی بەرژەوەندیەکانی یەک "میللەت" پێناسە کرابێ و ئێستاش ئەو میللەتانە لە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران لەو شوێنەدا "کە دیموکراسیەت باش پەیرەو نەکرابێت" لە خەباتی میللی دا بن، میللەتی عەرەبیش وەک نمونەیەک لەو میللەتانە، بەناچار حیکمەت وەک سەرانی ناسیونالیستی عەرەبی لە چەشنی عرفات و حەبەش و عەلی ساڵح و ئەوانی تریش کە لە عێراقدا کاربەدەستن، دادەنێتەوە...

بەڵام بۆ ئیرەجی ئازەرین مەسەلەکە جیاوازە لەوەی حیکمەت وتوویەتی. بۆ ئەو مەقولەی ناسیونالیزمی عەرەبی وەک جەرەیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە نوێنەری بۆرژوازی عەرەبە و تەنانەت نە بە وێنەی حکومەتێک بەڵکو وەک بەشێک لە گرایشێکی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی گشتی تر لە جیهانی عەرەبدا. بە جیاواز لە ناسیونالیزمی میانەڕەو و ئیسلاحخواز لە عێراقدا. خەسڵەتێکی میلیتانەت و قەهری بە خووە



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (11) Facebook

11

... لە ئالوگۆڕ و وەرچەرخانە جیهانییەکاندا، دەیەوێت کەوتوتە دەستی، لە حەساسترین دەورانی پڕ لە ئالوگۆڕانە لە ڕاستای قازانجەکانی بۆرژوازی عەرەبەوە بەکشتی بداتە ڕێگاچارەی ڕۆچوون بۆ نێو ئەو ئالوگۆڕانە لە ڕاستای قازانجەکانی بۆرژوازی عەرەبەوە بەکشتی بداتە دەستەوە، ڕێگاچارەیەک کە بەپێی خواستەکانی، هەم لەگەڵ ناسیونالیزمی میانەڕەو هەم لەگەڵ خودی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا ئاتەبا وەستاپەوە. بە واتایەکی تر ناکۆکی نێوان ناسیونالیزمی عەرەب ئەمریکا ڕەهابەتی ناسیونالیزمی میللتانەت بووە لە عیراقدا. لەبەرانبەر بەشەکانی تری، ناسیونالیزمی عەرەبی لەسەر مەسەلەی وەلامدانەوە بە دنیای ئالوگۆڕەکانی دوای جەنگی سارد و سەرهەڵدانی ئەزمی نوێی جیهانی سەرمایەداری و بەم پێیەش ئەم ناکۆکییە جگە لە کۆنەپەرستی و دژی کرێکاری و دژی زەحمەتکێشانی عەرەب بەولاوە هیچی تر نەبووە و ناشکرێت وشەی "ڕەوابوونی" بخرێتە پاڵ.

دووەم لە بەرانبەر ئیرەجی ئازەرین دا وەک کرێکارێکی کۆمۆنیست و هەر دوو ناسیونالیزمی عەرەبی و کوردیدا حیکمەت لە بەرەی ناسیونالیزم دایە بەکشتی ڕادەوەستێ، بەتایبەتی کاتێک کە هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین باس لە "قوربانیانی ئیمپریالیزم، ناسیونالیزم و ناسیونالیزم" دەکات ئەمەش بۆ حیکمەت بە مانای ڕەهابەتی نەتەوایەتی دێتەوە، ئەوەتا لە بەرانبەر ڕووداوەکاندا وتوویەتی:

بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی کورد و عەرەبیشدا نییە ڕووداوەکان بخرێتە قاڵبی قینەبەرایەتی نەتەوایەتییەوە.

دیارە حیکمەت کە ناسیونالیزم بە یەکسان بگرێت لەگەڵ "میللەت"دا هەقیەتی بەرژەوەندی "کورد و عەرەب بپارێزێ و خۆشی لە بەرانبەر هاوڕێ ئیرەج دا ببینێتەوە و بەم پێیەش "شەڕی ناسیونالیستەکان" بە شەڕی نەتەوەکان" بزانێ تەنانەت هەقیەتی هەر لەو ڕوانگەیەشەوە شەڕی ناسیونالیزمی عەرەب لە عیراقدا لەگەڵ جمهوری ئیسلامی، یانی هەمان جەنگی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، "بە شەڕی عەرەب و فارس بزانێ!

بەلام بەلای ئیرەجی ئازەرینەوە ناسیونالیزم و ناسیونالیزم نوێنەرانی سیاسی بۆرژوازی کورد و عەرەبن کە لەنێوان دوو ئۆردوگای جینایەتی بۆرژوازی، بەلام دژ بەیەکدا جێگەیان گرتووە. یەکەمیان کە لە چوارچێوەی ستراتیژی، ئەمریکا و ئۆردوگای ئیمپریالیستەکان دایە، دەیەوێت لێرەوە سیاسەت و کار کردەکانی بە دژایەتی لەگەڵ دووەمدا بەرێتە پێشەوە، دووەمیان کە لە چوارچێوەی ڕێزێکی فراوان لە جیهانی عەرەبدا ستراتیژی خۆی دەباتە پێشەوە و بە دژایەتی کردنی ئەمریکا ئیعلانی هەنگاوەکانی کردووە و ناچارە دژ بە ناسیونالیزمی کوردیش بێت. ئەمە دروست هەمان لێکدانەوەی هاوڕێ مەنسووری حیکمەتە کە هاوڕێ ئیرەج بە دیاریکراوی لە "ترازیدیای کورد"دا شی کردۆتەوە. هەر بۆیە حیکمەت بەداخەوە شێوەی گەڕان بە دوای ڕای مخالیفدا بەتایبەت لە ڕیزەکانی جولانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، دەگرێتە بەر و لەمەشدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. بۆ ڕاستی ئەم مەسەلەیە باشتر وایە خودی گوتەکەی هاوڕێ مەنسووری حیکمەت بهێنینەوە، کە خودی حیکمەت پشتی پێ بەستووە

ئاوارەیی و موسیبەتەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان، سەرقە ئەزەر لەوانەی ئەمڕۆ بە عەمەلی بوونەتە هۆی، دەبێت لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سیاسەتی ئیمپریالیستی ئینتیلافی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سەیر بکری، جیاکردنەوەی ئەمانە لە یەکتر و لێکدانەوەی مەسەلەکە بە چەشنی بەرابەرکێی سوننەتی عەرەب و کورد، وەیان دەوڵەتی مەرکەزی و خودمختارخوازان، تێڕوانینێکی مەحدود و ڕێ لی وێ کەرانەیە

بەڵکە ئەویستە کە جوونە سەری شەپۆلی ئاڕەزایەتییەکانی خەڵکی و هەوڵی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ بەهێزکردنی مەوقعیەتی خۆی دوای جەنگ بە ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیونالیزمی عەرەب و کورد، فاکتۆرە ڕاستەوخۆکانی بەشدار لەم ڕووداوانەدا بوون بەلام تەنها لە جەرگەی هەلومەرجێکی جیهانی دوای ڕوخانی بلۆکی شەرق و بە هەمان شێوەی لەسەر بناغەی ڕێزبەستێکی دیاریکراو کە لە دەوری ڕێبازی میلیتاریستی



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

12/02/2021 (11) Facebook

ئەمریکا لە ناوچەکەدا شکڵی گرت، ئەم دژایەتییە و بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیونالیزمی کورد و عەرەب بتوانن ناوا ئانوپۆیەک لەخۆ بگرێ و ناوا ئەنجامێک بەبار بهێنێ.

سێهەم لەنێوان ناسیونالیزمی چەوساوە و چەوسێنەر دا، لەنێوان ناسیونالیزمی تێکۆشەر و فاشی دا حیکمەت سەرەرای نارەزاییەکانی لە ناسیونالیزم، لە کلکەوە خۆی بە بەرەی کوردستانییەوە گری داوەتەوە بۆ حیکمەت ئەم کارەش ئاساییە چونکە بەلای ئەوەوە هێشتا بەشێک لە بۆرژوازی شۆڕشگێر و پێشکەوتنخوازە، بەتایبەت ئەو بەشەی کە یەکسانە بە میللەت و نوێنەری بەرژەوەندی میللەتی لەدەستدایە، هەر بۆیە ڕوو دەکاتە ئیرەجی ئازەرین و دەڵێ:

"بەیەک چاو سەیری ناسیونالیزم دەکات، ئەمە هەمان هەڵەی کۆنی ڕیڤیزنستەکان بوو لە عێراق"

ئەم قسانە ئیتر "تورەهات"ە و پێویست بەهیچ ڕەتدانەوەیەک ناکات بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە بۆ هەر ناسیونالیستێک هەموو شتێکی میللەتەکەی خۆی باشتر و شۆڕشگێرتر و جیاواز لە میللەتانی تر دەبینێتەوە ئەگەر ناسیونالیزم کورد بێت جیاوازە لە ناسیونالیزمی عەرەب و "نوعا ما" باشتریشە چونکە "پرزەی دلسۆزی" تێدایە و ناکرێ وەک ناسیونالیزمی عەرەبی و فارسی و تورکی سەیر بکرێت. دیارە ئەم بۆچوونانە بۆ ناسیونالیستی عەرەبیش هەر وایە!!، چونکە ئەمە سەرمایەی سیاسی گشت ناسیونالیزمە و مەبنای بە دەستەوەگرتنی تاکتیکە لەنێوان دوژمنان و "ریزەکانی گەل"دا.

بەڵام واقعیەتە زیندووەکانی ئەمڕۆی کوردستان درۆ و پووچ بوونی هەڵوێستە سیاسییەکان و تەواوی ئەو ئیدیعایانەی کە حیکمەت و "امثالی" ئەو پەیڕەوی لێ دەکەن نیشان داوە، بەتایبەت ئەوە کە چۆن ناسیونالیزم، دژایەتی قوڵ و ناشت نەبوونەوەی هەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی خودی میللەتەکەی خۆی کە کرێکاران و زەحمەتکێشانن ئەمە ئیتر بۆچی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە تا دوێنێ بەهۆی ستەمی میللییەوە پێی وابوو ناسیونالیزمی کورد لە ناسیونالیزمی عەرەب ناچێ، یەکەمیان "چەوساوە و تێکۆشەرە" و دووەمیان "چەوسێنەر و فاشییە" کرێکارانی کوردیش کە "چەوساوەی" کۆمەڵن دەبێ بەچاوی دوژمنانە سەیری "ناسیونالیزمی چەوساوەی کورد" نەکەن و بەڵکو بە هاودەردی خۆیانی بزانن و هەموو لەپێناویدا تێ بکۆشن.

دیارە کرێکارانی کوردستان ئێستا دەردی ئەم خۆشخەیاڵیانە دەچێژن کە چۆن دوژمنی چینایەتی خۆیان لە ئاست دەسەڵاتی سیاسیدا لە عەرەبییەوە گۆڕی بە کوردی، بەڵام ئەم "چەوساوانەی" دوێنێ ئێستا بوونەتە "چەوسێنەری ئەمڕۆ". ئەمە هەمان ئەو ئەرکەیە کە حیکمەت بۆ کرێکارانی کوردی دیاریکردووە و دەیەوێت پێیان رابگەیەنێت "هەموو رۆژێک ئەرکتانە ببنە قوربانی بۆرژوازی کوردی، چونکە ئەو چەوساوەیە و بۆ لابردنی مەترسی لەناوچوونی نەتەوەی کورد تێکۆشەرە!!!"

### سێهەم: ناسیونالیزم و دەورانێک لە وەرچەرخانی مێژوویی،

ئاڵوگۆڕەکانی سەرەتای دەیەی نەوەد، بەتایبەت دوابەدوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی شەرق و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و پاشان تەرحی نیزامی نوێی جیهانی، بۆ ناسیونالیزم لە کوردستان، وەک جەرەیانێکی تری بۆرژوازی بە دەورانی وەرچەرخانێکی مێژوویی و چارەنووس ساز بە حساب دێن، بەڵام بەدیاریکراوی بۆ ناسیونالیزمی کوردی، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەزمەی خەلیج و لەبەر رۆشنایی تەوازنی هێزەکان و هاوکێشە سیاسیە نوێیەکان، کە لە ناوچەکەدا، بەهۆیەوە جێکەوت، خۆی بەم دەورانە لە ئاڵوگۆر و وەرچەرخانەکانەوە گرێ دایەوە، ئەزمەی خەلیج و ئاکامە سیاسییەکانی بۆ ناسیونالیزم هاتنە خوارەوەی بەرەکەتی بیابانەکانی سعودیە بوو کە لە شاخەکانی کوردستانەوە پێشوازی لێ کرا و بەم



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=899049897530188&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

11

جۆرەش ئەوی بەرەو یەک دەورە لە فعال بوونەوە و هەڵسوڕانی سیاسی دیبلۆماسی و نیزامی و تەنانەت تەبلیغاتی و تیۆریکیش باڵ بینوە ناوە و سەرانی ناسیونالیستی کوردی ناچارکرد کە لە ڕێگای ئەم نەرمەیەوە سەرەنجەکان و لیکدانەوەکانی خۆیان لەسەر کشت ئاڵوگۆڕەکانی خۆیان لەسەر کشت ئاڵوگۆڕەکان و گۆڕانکارییەکانی دنیا وەک یەک وەرچەخانی مێژووی بخەنە ڕوو، تاکو بەهۆیەوە بتوانن باشترین کەناڵی خۆ جوتکردن لەگەڵ ئەو ڕەوتانەدا بدۆزنەوە، کە قازانجە میللی و بۆرژوازییەکانی ئەم جەرەیانەی پێ مسۆگەر دەبێ. بەم هۆیەشەوە چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی دڵخواز و تەوەهم کەرانەی ناسیونالیستی. لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوکرانەوە.

بەلام تەواوی ئەو بۆچوون و لێکدانەدا. هەرچیەک بن و بە هەر ڕادەیەکیش لێک جیاواز بن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یەک ڕاستی جینایەتی دەخەنە ڕوو ئەویش ئەوەیە کە بۆ بەدیهێنانی "بەرژەوەندی میللەتی کورد . لەبەرانبەر ڕژێمی عێراقدا. هەڵبژاردنی کام ستراتیژە و پەیوەست بوونەوە بە کام ڕیزبەستنە لە جیهادا. پێویست دەکات؟ تاکو ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بۆ ناسیونالیزمی کوردی وە" . سەتێکی لەبار و دەورانێکی چارەنووس ساز بخوێندرێتەوە!. بەلام بابزانین حیکمەت ئاخۆ شتێکی ڕیاتری لەم ناوەڕۆکە جینایەتییە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا لەسەر نەزمەی خەلیج بۆ خوێنەران خستۆتە ڕوو!

**نەزمەی خەلیج و ئامانجی نەسلی ئەمریکا:**

حیکمەت لە ڕەخنەکانیدا لە گوتارەکەی نیرەجی نازەرین پەنا بۆ خستنە ڕووی "ڕاستیەک!" دەبا تاکو بەهۆیەوە خوێنەران بتوانن داوەری خۆیان بکەن لەسەر وتارەکەی هاوڕێ نیرەج و ڕەخنەکانی ئەو! ڕاستیەکەش ئەمەیە!

جەنگی عێراق کوێت. وەکو جەنگێکی نارەوای سەرمایەدارانی جیهان و ڕژێمی بۆرژوازی فاشی عێراق لە ڕووی جینایەتییەوە وەکو جەنگێکی کۆنەپەرستانە باس نەکراوە و هەوڵ دراوە تاوانی نۆباڵی جەنگەکە بخرێتە ئەستۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی."

یەکەم شت، هەموو کەس دەزانێ ئەو جەنگەی کە لە خەلیج ڕووی دا جەنگێک نەبوو لەنێوان عێراق کوێت دا هەروەک حیکمەت نیشارەی پێ کردووە، بەڵکو لای هەموو کەسێک و تەنانەت لە زمانی عامی خەڵکیشەوە بە جەنگی نێوان ئیمپریالیزمی ئەمریکا و غەرب لەلایەک. حکومەتی بەعسیش لەلایەکی ترەوە. زانراوە. بەلام ئەمە هەڵەیەکی ڕواڵەتی نییە کە حیکمەت پەیڕەوی لێ کردووە، بەڵکو مەبەستی ئەو لەم کارەی ئەوەیە کە بە "نیرەجی نازەرین" بڵێت:

تۆ نۆباڵی هەموو شەڕەکەت خستۆتە ئەستۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی "لە کاتێکدا عێراقیش هێرشی بۆ سەر کوێت کردووە و ئەمەش "جەنگێکی نارەوای سەرمایەدارانی جیهانی و ڕژێمی بۆرژوا فاشی عێراقە" دەبێ وەک جەنگێکی کۆنەپەرستانە باس بکرێت، یانی لە کورتی دەبێ "عێراقیش مەحکوم بکرێت" (دواتر لەم ڕووەوە باس دەکەین) ئامانجی حیکمەت لەم کارەی ئەوەیە کە لەنێوان جەبهەگیرییە جینایەتیە ئەسلیەکانی جەنگی خەلیج و سیاسەتە شەڕخوازەکانی ئەمریکادا، لەلایەکەوە جەبهەگیرییەکی تر پێک بهێنێ و لەلایەکی تریشەوە دەوری ڕژێمی بەعس وەک ڕژێمێکی فاشی و شوفێنستی دڕندە بخاتە بەرچاوی خوێنەران. تاکو لەم کەناڵەوە خەباتی دژی ڕژێمی بۆرژوا ناسیونالیستەکان لە دژی "صدام" بە شتێکی ڕەوا و لە ڕیزی یەکەمیندا لە قەڵەم بدات، دەورەکردنەوەی مەترسیەکانی حکومەتی بەعس لەسەر حسابی هێنانە خوارەوەی دەوری سیاسەتی شەڕخوازانە و دژی بەشەریەکانی ئەمریکا و غەرب، لە بەرانبەر کشت جیهان و چارەنووسی مرۆڤایەتیدا. گرنگترین ئەنجامی لێکدانەوە سیاسییەکانی ناسیونالیزمی کورد بووە کە لە ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوودا بە دەستەوە گیراوە تاکو لێرەوە

12/02/2021 (10) Facebook

10

خۆشباوەڕییەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا مەقبولیەت پێ بدەن. بەهای ئەم بۆچوونەیە کە ئەمریکا بە وێنەی فریشتەی نەجاتی خەڵکی کورد دەناسرێ. بەهای ئەم بۆچوونە کە وێنەی خانمی میتیران بە بەرگی پیاوانەی کوردییەوە نیشانی ژنانی کوردستان دەدرێ تا دڵسۆزی و خانەدارێتی ئەویان لەبەرچاو بێت. بەهای ئەم بۆچوونەیە کە وێنەکانی پاڵەوانی رزگاری جەنراڵ شوارچکۆف وەک بکوژی دکتاتۆر و حاجی بۆش و ئاغاخان و میجەر دەکاتە نیشانەی شۆڕشگێڕێتی. ڕاپەڕین و شۆڕشێک کە ناسیونالیستەکانی کوردستان جڵەوی ڕابەرایەتیەکەیان بەدەستەوە بوو.

دیارە حیکمەت هەر لەم هۆزەوە ئیلهامی وەرگرتووە. هەر بۆیە نیگەرانە لەوەی کە ئیرەجی ئازەرین سەبارەت بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە جەنگی خەلیجدا خستویەتیە ڕوو' هاوڕێ ئیرەج دەڵێ

ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە جەنگدا لە دژی عێراق، هەرگیز پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئاڵوگۆڕی جوگرافیای سیاسی ئەو و تەنانەت بە مەسەلەی نەوتەوە نەبووە، ئەمریکا لەپێناو داسەپاندنی دەوری هەژمونی خۆی لە جیهانی دوای جەنگی سارد دا پێویستی بە نواندنی هێزی عەسکەری و مەحکەم کردنەوەی پەیمانی ناتۆ و مەوقعیەتی خۆی لەوێدا هەبووە. داگیرکردنی کوێت بەهانەیەک بوو بۆ بەدواچوونی ئەم ئامانجەدا کە بۆ ئەمریکا بە قیمەتی یەکێ لە خوێناوی ترین جەنگەکانی مێژوودا تەواو بوو. بەم پێیە مەیدانی عەسکەری جەنگ، ڕۆژهەڵات بوو بێ ئەوەی ئەمریکا تەرحێکی تایبەتی بۆ ئایندەی سیاسی ناوچەکە بەدەستەوە بووبێت...

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا. حیکمەت شتێکی تر سەبارەت بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا نیشان دەدات و دەڵێت

"سیاسەتی هەژمونگەری ئەمریکا لە جیهاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئابووری جیهانەوە هەیە، ئەویش لە جیهاندا شاخوێنبەری ئابووری جیهانە، ڕۆژهەڵاتیش لە جیهاندا یەکێکە لە ناوچە ستراتیژییە دەگمەنەکانی نەوت و ئابووری جیهان. کەواتە سیاسەتەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆژهەڵات و نەوتی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە."

هەر کەسێک (جگە لە حیکمەت) کەمێک شارەزایی لە ئابووری سەرمایەداری و ڕەخنەی مارکسیستی لێی هەبێ هەرگیز بە "کالایەکی تیوریکی" لەم چەشنەوە نایەتە مەیدانی لێکدانەوە و شیکردنەوەی گرنگترین و حەساس ترین ئاڵوگۆڕە جیهانیەکانی ئەمڕۆوە، چونکە ئابووری سەرمایداری نە لەسەر جوگرافیای ناوچە ستراتیژیەکانەوە دەست پێ دەکات و نە نەوتیش شاخوێنبەرێتی. ئابووری سەرمایەداری پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی و چەوسانەوەی کاری کرێگرتە و کەڵەکەی بەردەوامی سەرمایەیە. نەوت و هەر کالایەکی تر، هەر ناوچەیەکی ستراتیژی تەنها بە مانای هەڵگری ڕێژەی قازانجی سەرمایە و خستنەڕووی قەوارەی هێزی کاری زۆر و زەبەند و پێویستەوە گرنگی پەیدا دەکەن. تەواوی کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دنیا لە بناغەیی ترین ئاستی دا دەچێتە سەر هەمان پەیوەندی و ئەمەش بزوێنەری سیاسەتەکان و ناکۆکییە چینایەتییەکانە لە دنیادا. لە هەلومەرجی ئێستادا کە ئەزمەی جیهانی سەرمایەداری پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی دنیای دوو قوتبی ئیزامی سەرمایەداری بەرەو دووبارە سازدانەوەی پێکهاتی خۆی پاڵ پێوە ناوە. سازدانەوەیەک کە دەبێ پێش مەرجە عەینی و زەینییەکانی دەورانێکی تازە بۆ بەرهەمهێنانی ئاسایی سەرمایەداری لە معیارێکی جیهاندا لە ڕێگای پێناسەکردنەوە و جێگیرکردنی گشت پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و عەسکەری و ئایدیۆلۆژی و... ئامادە بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تەواوی وڵاتان و جەرەیاناتی جۆراوجۆری بۆرژوازی لە هەڵسورانی جدی دان. تاکو لەو ئاڵوگۆڕانەدا مەوقعیەتی مناسب و دڵخوازی خۆیان لە چوارچێوەی قازانجە ماوە درێژەکانی سەرمایەدا. مسۆگەر بکەن. بۆ ئەمریکا وەزعەکە شتێکی دیاریکراوە. بەتایبەت کە ئەمرۆ وەک هێزێک لە جیهانی دوو قوتبی دا نوێنەرەوەی ئامانج و سیاسەتە نێونەتەوەییەکانی بۆرژوازی غەرب لە



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=1034419293715236&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (11) Facebook

بەرامبەر شەرفدا دەکرد. ئەمە بۆ ئەو بە مانای پێشڕەوییەکی سیاسی و عەمەلی بووە لەچاو وڵاتانی تردا لە تەواوی مەیدانەکانی بازرگانی و ئابووری و رەقابەتی نێو دەوڵەتاندا بەدەست هێنانەوەی ئەم مەوقعیەتە و پاراستنی. مەگەر لە رێگای بەڕێوەبردنی نیزامێکی نوێ ی پێشنیارکراو لەلایەن جۆرج بۆشەوە مسۆگەر بکری. نیزامێک کە لە ناکامی خۆیدا هەروەک هاوڕێ نیرەج وتویەتی پێویستی بە هێزنواندن و هەڵخستنی جەوێکی میللیتاریستییەوە هەیە بەسەر جیهاندا. جەنگی خەلیج لە ڕاستای ئەم سیاسەتانەی ئەمریکاوە سەری هەڵدا... بەڵام بۆ حیکمەت گرنگ نییە چونکە ئەو لە بیرتەسکی خۆی و لە تێڕوانینی فیرۆکراتیانە و تیۆرە پووچ و دواکەوتوەکانی ناسیونالیستێکی بۆرژوازی وڵاتانی ژێردەستەوە دەڕوانێ، ئەمە هێشتا لە سەرەگێژەی تەبلیغاتەکانی ساڵانی (٧٠)کان و هاتنە کایەوەی نۆپێک و ئەوایێک دا سەبارەت بە گرنگی نەوت و ووزە لە ئابووری جیهاندا... رەنج دەبات. ئەو بە نیازە وەک ناسریزم و بەعسیەکانی ساڵانی (٧٠) جوڵانەوەی میللی کردنی نەوتەکانی کەرکوک و خانەقین دەری خات و ڕوو بکاتە خەڵکی کوردستان بڵێ سیاسەتی ئەمریکا بۆ نەوتە و نەوتیش لە کوردستاندا زۆرە. ئێوە واز لە چەوسانەوەی بۆرژوازی کورد بهێنن تاکو کوردستان میللی و ئاوەدان دەبێتەوە و ئەوکاتە ئێوەش خوشگوزەران دەبن لە چوارچێوەی ئەزمی تازەی سەرمایەداری جیهاندا.

بۆ حیکمەت گرنگ نییە سیاسەتی هەژمونی ئەمریکا بەسەر جیهاندا چ ناکامێکی سیاسی و بەشەری و ئایدیۆلۆژی و پاشەڕیاش گەڕانەوەی مێژووە. بە کوێ دەکات. هەر بۆیە بۆ ئەو جەنگی خەلیج جەنگی عێراق کوێتە. کە لە باری سیاسییەوە دەبێ عێراقیش مەحکوم بکرێت وە لە باری ئابووریشەوە تەنها نەوت و ڕۆژهەڵات سەرچاوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا بێت. تاکو لەم ڕێگایەوە بتوانێ دوژمنی سەرەکی و دەرەجە یەکی میللەتی کورد دیاری بکات و پشتیوانە و ستراتیژی خۆشی لە بەرەی ئیمپریالیستەکاندا ببینێتەوە.

**مەحکوم نەکردنی عێراق بۆ؟:**

ئەو مەسەلەیەی کە سەرابای وتارەکەی هاوڕێ نیرەجی ئازەرین بەلای حیکمەتەوە نادروست کردووە [illegible] کە.

"بچوکترین تاوانی رژێم وەکو رژێمێکی فاشی، یان دیکتاتۆری، یان شۆفێنی، نەخراوەتە ڕوو."
هەروەها دەڵێ:

"بۆچی کاک نیرەج تەنها باسی شەڕەنگێزی ئەمریکا دەکا لە جەنگی عێراق و کوێت و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دا، ئەدی سیاسەتی مەزن خوازانەی سەدام و ماهیەتی فاشیانەی بەعس لەم جەنگەدا چی لێ دەکرێ؟"

لە روانگەی مشکەوە هیچ ئاژەڵێک هێندەی "پشیلە" دڕندە نییە. حیکمەتیش ئاوا بۆ جەنگی خەلیج دەڕوانێ. جەنگێکی گەورە و بێ وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سەدان هەزار ملیارد دۆلاری تیا سەرف کراوە، دەیان هەزار کەسی تیا کوژرا و بە ملیۆنان ئاوارە و سەرگەردان کرا، ئابووری یەک وڵاتی بەتەواوی نابود کرد، تەکنەلۆژیای جەنگی بۆ یەکەم جار بەڕووی خەڵکی وڵاتێکدا تاقی کرایەوە. ناتۆ زیندوبووەوە، ئەمریکا هەژمونی خۆی بەسەر ئەوروپا و ژاپۆن دا بۆ جارێکی تریش هێشتەوە. دوکەڵی چاڵە نەوتە سووتاوەکان ئاو و هەوای جیهانی بەرەو مەترسی راپێچکرد. رێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان بە رەسمی بوو بە نیهادێکی کۆلۆنیالیستانەی چالاک. راسیسم و قەوم پەرستی لە غەربدا بێ وێنە سەری هەڵدا. بورژوازی ئەمریکا لە سندروم ڤێتنام دا پاک بووەوە. دەخاڵەتکەری نیزامی ئەمریکا و غەرب لە ئاستی جیهاندا مەشروعیەتی سیاسی و حقوقی بۆ پەیدا بوو. تەواوی مەفاهیم و مەقولاتە سیاسی و دیپلۆماسیە نێونەتەوەییەکان گۆڕدران. عەرەب و ئیسرائیل بەرەو سەر مێزی مفاوەزە پاڵ پێوە نران. لبنان ئاسایش



https://www.facebook.com/messenger_media?thread_id=1175859630&attachment_id=499751871417049&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59y… 1/1

کرا. ئەمەنی حیزب اللهییەکان بەسەرچوو. خارجییەکان ئازادکران. چەک داماڵین لە ڕۆژهەڵات ڕەسمیەتی پێ درا... هەموو ئەمانە بەلای حیکمەتەوە گرنگ نین چونکە ئەو شەڕی دیفاع لە لەناوچوونی میللەتەکەی دژی ڕژێمێکی دڕندە دەکات. بەڵام لایەنێکی ئەم داوایەی حیکمەت لە نیرەجی ئازەرین سەبارەت بەوە کە بۆ ڕژێمی عێراقت مەحکوم نەکردووە ئەنجامێکی سیاسی تر بەدەستەوە دەدات کە کشت ناسیونالیزمی سونەتی پەیڕەوییان لێ کردووە. ئەویش ئەوەیە کە هەڵوێست گرتنە سیاسییەکانی نێوان ڕیز بەستنە چینایەتیە جیهانییەکان کە لە جەنگی خەلیجدا سەریان هەڵدا، دەگۆڕێتەوە بە جدالی نێوان دوولایەنی جەنگەکە. بە واتایەکی تر. هەڵوێستی سیاسی بەلای حیکمەتەوە لەسەر ئەو بناغەیە دەگیرێتە بەر کە کێ لە هەردوو تەرەفی جەنگەکەدا لەسەر حەقە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی یان ڕژێمی عێراق!... ئەمە هەمان لێکدانەوەی ناسیونالیزمی سونەتییە لە کوردستان. جلال تالەبانی و مەسعود بارزانی و ئەوانی تریش هەر لەم کەناڵەوە خۆیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە گرێ دایەوە. ئەگەر حیکمەت پێی وانەبێ ئەمریکا لەسەر هەقە لە بەرانبەر عێراقدا، ئەوا لە دژی ڕژێمی عێراقی دەنگ هەڵنابڕێ، کە دەبێ مەحکوم بکرێ. خۆ ئەگەر حیکمەت ئیدعای ئەوە دەکات کە گوایە هەردوو لای شەڕەکە مەحکومن. بەوەی کە هەردوو لایان دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەر جوڵانەوەیەکی هەقخوازانەن. ئیتر چ قسەیەک دەبێ هەبێ لەسەر مەحکومکردنی ئەم یان ئەومیان؟ هەر کارێکی وا بە مانای وەستانەوەیە لە جەبهەکانی ئەوی تریاندا

بەڵام بۆ نیرەجی ئازەرین و هەر کرێکارێکی کۆمۆنیستی تر، بە جیاواز لە دەرک و تێڕوانینە میللی و محەلییەکانی حیکمەتەوە. بەدەستەوەگرتنی هەڵوێستێکی چینایەتی لە ڕوانگەی قازانجە نێونەتەوەییەکانی کرێکارانەوە، وا دەخوازێت کە کشت ئەوزاعی جیهانی لەبەرچاو بگیرێت. هەڵوێستێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕژێمی عیراقییەوە نییە. بەتایبەتی کە:

یەکەم: لە ڕوانگەی کرێکارانی عێراقەوە پێویست بە دەربڕینی هەڵوێست لەسەر ماهیەتی سەرمایەدارییانە و دیکتاتۆریانەی ڕژێمی بەعس ناکات، ئەوان ئەم حەقیقەتەیان بە گۆشت و پێستی خۆیان لەمس کردووە. بەم جۆرەش مەسەلەی مەحکومکردنی ڕژێمی عیراقی ئاستی خەباتی کرێکارانی بەرەو پلەیەکی تری نەدەبرد وەیان بەم هۆیەوە پێش بە جەنگێکی گەورەی دژی بەشەری نەدەگیرا.

دووەم: مەسەلەکە خۆی لە هەڵوێست گرتن بە جەنگێکدا دەبینێتەوە کە لە لحظاتێکی مێژوویدا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە پێشڕەوی بۆ دەکرێ، جەنگێک کە لەبەرانبەر کشت جیهاندا و وەک کارەساتێکی دژی ئینسانی خۆی ناساندووە.

سێهەمیش: لەبەرانبەر ئەم جەنگەدا دوو ڕیزبەستنی چینایەتی دژ بەیەک پێک هات، یەکەمیان ڕیزی ئەمپریالیستەکان و ئەوی تریشیان ڕیزی بزووتنەوە پێشکەوتخوازە دژی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکایە و بەمجۆرە هەڵوێست گرتنی کرێکارانی کۆمۆنیست نە لەسەر بناغەی جدالی دوو دەوڵەتی بەڵکو لەسەر بناغەی ئەوە کە دنیا لەسەر ئاستانەی ئاڵوگۆڕێکی گەورە ڕاوەستاوە. لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵات و سەرکەوتنی ئەو نەک هەر هاوسەنگی هێزەکانی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا لەبەین دەبا، بەڵکو مەوقعیەتی ئەمریکا لەسەر سەری سەرمایەداری جیهانی وەک ژاندارمێک ڕادەگرێ و بەمەش هاوسەنگی هێزی نێوان هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی پێشکەوتخوازی و حەرەکەتی سیاسی کرێکاران لە بەرانبەر سەرمایەداری و هێرشەکانیدا بەکشتی دەگۆڕێ. لەم نێوەدا ئەگەر ئینسان تەنها موسیبەتەکانی میللەتی خۆی لەبەرچاو نەبێ و کشت ئەو نەهامەتیانەی ئەمڕۆ و سبەینێی هەموو ئینسانەکانی تر ببینێ بەئاسانی دەتوانی ئەوە ببینێ کە مەسەلەکە پەیوەندی بە عێراق و تاوانەکانییەوە، بە داگیرکردنی کوێت و ماهیەتی دیکتاتۆر و شتی لەم چەشنەوە نییە. بەڵکو مەسەلەکە هەڵوێست گرتنە بە سیاسەت و جەنگێک کە ئەمریکا پێشڕەوی بۆ نواندووە، مەسەلەکە هەڵوێست گرتنە لەپاڵ جوڵانەوەی دژی جەنگی و سیاسەتەکانی ئەمریکادا پاش مەحکومکردنی جەنگێکە کە دەبێ ڕووبدات و پێشی پێ بگیرێت. چاوپۆشی لەوەی کە داگیرکردنی کوێت



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

مەحكوم بكرێ یان نە.. بەلام بۆ هەر كەسێک كە لەنێوان جدالی دوو بەرەی شەڕەكەدا دەیەوێت هەڵوێستی خوی بدات، كارێكی تر ناكات جگە لەوەی كە لەڕیزی ئەمریكا ومیان لەڕیزی ناسیونالیزمی میللیانێتی عەرەبیدا بە وێنەی عەرەفات و عمر بشیر و علی صالح دا خۆی ببینێتەوە.

كرێكارانی كوردستان دەبێ لە زمانی هاوڕێ نیرەجەوە فێرببن كە داگیركردنی كوێت زەمینەیەک بوو لەپێناو سەرهەڵدانی یەک وەزعیەتی كۆنەپەرستی بێ وێنە لە ئاستی جیهاندا كە بە خوێناویترین جەنگی دژی ئینسانی بەڕێوە برا. كەوایە دەبێ ئەو تێ بگات كە هەردوو لایەنی شەڕەكە لەسەر حەق نین و دەبێ هەرچی زیاتر پێش بە سەرهەڵدانی ئەو جەنگەی بگرتایە و ئەی هێشتایە ئامانجەكانی خۆی بەسەر جیهاندا زاڵ بكات. كرێكاری كورد دەبێ ئەوە بزانێ كە هیچ بەرژەوەندییەكی لە الحاقی كوێت بە عێراقەوە نییە، هەروەک چۆن كوردستان خرایە پاڵ پەناگای ئەمنی ئەمریكا و بەریتانیاوە هیچ قازانجێكی دەست نەكەوت. ئەو نابێ بە حەساری ئابووری دیفاع بكات گوایە ڕژێم بەهۆیەوە لاواز دەبێ. دەبێ ئەوە بزانێ كە ڕێكخراوەی نەتەوە یەككگرتووەكان بێ لایەن نییە و ئامرازی دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریكا و غەربە كە دژی كرێكارانی جیهان لەكار دایە، نابێ بەوە دڵ خۆشكات كە لە هێرشەكانی ئەمریكا و غەربدا بۆ سەر عێراق ڕژێم لاواز دەبێ و ئەم كارەش قازانجی ئەوی تیایە. كرێكاری كورد تەنها و تەنها بەم هەڵوێستانەی دەتوانێ دەوری چارەنووس ساز لەپاڵ هاوچینەكانی لە جیهاندا، لە دژی تەواوی ئەزمی سەرمایەداری لە جیهاندا هەنگاو هەلگری، بە پێچەوانەی ئەمەوە هەڵوێست گرتنێک كە حیكمەت داوا دەكات لە نیرەجی ئازەرین، كە با عیراقیش مەحكوم بكرێت هەر ئەو شتەیە كە خودی حیكمەت و ناسیونالیستەكان لەپێناو پەیوەست بوونەوە و چوونە ناو ریزی ئیمپریالیستەكانەوە كرتیانە بەر بە خاتری ئەوەی لەم ڕێگایەوە شتێک بۆ میللەتەكەیان وەدەست خەن. ئەمە ئیتر نەک هیچ پەیوەندییەكی بە كرێكاران و بزووتنەوەی حەق تەڵەبانە و دیموكراتیكی خەڵكی كوردەوە نییە، بەڵكو ڕاكرتنی ئەوانە لە بەرانبەر كرێكاران و جولانەوەی پێشكەوتنخوازییەكان لە دنیادا.

## ئەمریكا و رووخاندنی ڕژێم:

هاوڕێ نیرەج لە مەقالەی ترازیدیای كورددا لێكدانەوەیەكی دیاریكراو سەبارەت بە روخاندنی ڕژێم لەلایەن ئەمریكاوە دەخاتە ڕوو كە بۆ حیكمەت مایەی پەسەندكردن نییە. حیكمەت سەبارەت بە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە، بۆ چەند هۆیەكی بنەڕەتی دەگێڕێتەوە:

١ سیاسەتی ئابووری بازاری ئازاد و ئازادی لیبرالیە كە لە ناوچەی رۆژهەڵات و جەنگی كەنداویشدا گیراوەتە بەر. ٢- ناكۆكی نێوان ناسیونالیزمی عەرەبەكان و ئەمریكا، كە خۆی ناكۆكییەكی ڕەوایە. ٣- هەروەها مەسەلەی پەرەسەندنی جولانەوەی شیعە لە جنوب و نوزەی ئۆپۆزسیۆن بوو كە ڕوخاندنی ڕژێمی عیراقی لە دەستووری ئەمریكادا دەرهێنا. ئەگەر ئەم هۆ بنەڕەتییانە نەبوونایە "دەنا روخاندنی ڕژێمی عیراق لە مێژووی جەنگەكانی ئەمریكادا، ئاسانترین ڕێگەی سەركەوتن بوو". هەر كەسێک ئەگەر ئەم هۆكارە بنەڕەتییانەی حیكمەت، بە كەمێک وردییەوە بەراورد بكات لەگەڵ ئەم دەقەی خوارەوەی هاوڕێ نیرەجی ئازەرین دا پووچی بێنرخی رەخنەكانی حیكمەتی لە مەقالەی ناوبراو بەڕۆشنی بۆ دەردەكەوێت:

ئەم بێیە مەیدانی عەسكەری جەنگەكە، ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەمریكا تەرحێكی دیاریكراوی بۆ ئایندەی سیاسی ناوچەكە بەدەستەوە بووبێت، بەهۆی ئاڵۆزی سیاسی ناوچەكەوە ئەمریكا ئەی دەتوانی و ئەیشی دەویست دەست بداتە ڕستنی سیاسەتێكی بەڵكەنەویستانە، تەنانەت گەر سوپای ئەمریكا خاكی عیراقیشی بەتەواوی داگیر بكردایە (ئەوەی كە لافی لێ دەدا كە دەتوانێ بیكا) هێشتا بەو مانایە ئەبوو لە توانایدایە حكومەتی دڵخوازی خۆی دێنێتە سەر كار، هەر حكومەتێک لە ئاكامی



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

سەرکەوتنی ئەمریکا ... ناسیونالیزمی عەرەبدا لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراقدا. دەخولقاند (حاڵەتێکی ئاوەهاش بەهۆی ئەوەوە کە دەستکەوتی دەبەخشی بە ئیسرائیل لە روانگەی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییە ناکۆکەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. قابیلی قبوول کردن نەبوو) بەم پێیە، سیاسەتی ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە و بەر لە دەست پێکردنی جەنگ ئەوەی راگەیاند کە گۆڕینی حکومەتی عێراق ئامانج نیيە.

ئێستا ئیتر رۆشنە کە ئاستی لێکدانەوەکان چەندە جیاوازییان هەیە و کام یەک لە حیکمەت و ئیرەجی نازەرین بۆچوونێکی زانستیانەیان خستۆتە روو سەبارەت بە مەسەلەی روخاندنی رژێمی عێراق، بەڵام جیاوازییەکان تەنها لە لێکدانەوەکاندا نییە، بەڵکو لەوەشدایە کە هەر یەکە لە حیکمەت و ئیرەجی نازەرین دەمانەوێت بەو لێکدانەوەیانەوە چ سیاسەت و هەڵوێستێک نیشان بدەن لە گشت جدالی هەردوو لای جەنگەکەدا؟ بۆ ئیرەجی نازەرین لێکدانەوەی هەڵوێستەکان و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەبەرانبەر عێراق وەک لایەنێک لە جەنگی خەلیجدا، لەو ڕووەوەیە کە بە کرێکارانی ناوچەکە و عێراق بڵێ کە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگی خەلیجدا "ئاڵوگۆڕی حکومەتی عێراقی نەکردۆتە ئامانجی خۆی. مەیدانی عەسکەری شەڕەکە ئەگەرچی لە ناوچەی خەلیج دایە. بەڵام هیچ پەیوەندییەکی، لە باری ئامانجە سیاسییە سەرەکییەکانییەوە بە عێراقەوە نییە، بەڵکو ئەم جەنگە سیاسەتەکانی خۆی لە جەرگەی ئەزمەیەکی جیهانی سەرمایەداری و بۆ جێ خستنەوەی نیزامێکی نوێی سەرمایەدا بە دەستی هێناوە، و بە دیاریکراویش خودی کێشەکان نە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە ئەمریکا و غەربی دوای هەڵوەشاندنەوەی جیهانی دوو قوتبی لەبەرچاو گرتووە، کە بۆ ئەمریکا بەمانای وەرێخستنی هێز نواندن و لەشکرکێشییە بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی خوێناوی تاکو لێرەوە جێگا و رێگای خۆی وەک ژاندارمێک بەسەر دنیاوە، پێناسە بکاتەوە. لەسەر ئەم بناغەیە کرێکارانی ناوچەکە و بەتایبەت لە عێراقدا دەبێ لە ڕیزبەستنە جینایەتییەکان لە دژی ئەم جەنگە و روونەدانی هەڵوێستی خۆیان بگرن و لێرەشەوە ڕووە و بەرژەوەندییە محەلییەکانی خۆیان بڕوانن. لە واقیعدا، ئەمە هەر ئەو هەڵوێستە ئەنتەرناسیونالیستییەی هاوڕێ ئیرەجی نازەرین بوو، کە لە جەرگەی ڕووداوەکانی یەک ساڵی رابردوودا لەلایەن کرێکارانی عێراقەوە بەدەستەوە نەگیرا و ئەوانی بەرەو تەوەهوماتی ناسیونالیستی و محەلی کەرایی برد....

بەڵام بۆ حیکمەت لێکدانەوەی روخاندنی رژێمی عێراقی ئامانج و مەبەستێکی تری لەبەر پێی خۆی داناوە، بۆ ئەو مەسەلەیە کە تەنها شەڕفرۆشتنی ئەمریکا نییە و پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەیە!، یانی لە کێشەی دوولای شەڕەکەدا، مەحکومکردنی عێراق هەم گرنگە و هەم دەبێ بڕوا. کەوایە بۆ حیکمەت مەیدانی عەسکەری شەڕ لە کوێدایە ئامانجەکانیشی پەیوەستە هەر بەو سنوورە محەلییەی شەڕەکەوە، و بەم پێیەش شەڕەکە بە عێراقەوە پەیوەست دەکات و سەرەنجامیش روخاندنی رژێمی عێراق دەکاتە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە جەنگەکەدا... ئەمە ئیتر هەمان ئەنجامگیری و لێکدانەوەی تەوەهم کەرانەی ناسیونالیستی سوننەتی بووە کە بەرۆشنی لەلایەن بەرەی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییەوە لە عێراقدا، بەدەستەوە گیرا و پاشانیش لەناو خەڵکی عێراقدا رەواجی پێ درا. بناغەی ئەم لێکدانەوەیە بۆ حیکمەت و ناسیونالیزم لە کوردستان بەیانی هەر ئەو هەڵوێستە ستراتیژییە بوو کە گرتیانە بەر. هەڵوێستێک کە گوایە ئەمریکا لە دژی عێراق شەڕ دەکان و بەو مانایەش ئەم رژێمە دەروخێنێ و سەرەنجام زەرفیەتێک دێتە کایەوە کە ئەمان دەتوانن بەهۆیەوە دەسەڵاتی خۆیان لە حکومەتی ئایندەدا مسۆگەر بکەن. ئەمەش کەناڵی ئاسایی بۆ خۆبەستنەوە بە ڕیزی ئیمپریالیستەکان و پەیڕەویکردن لە سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب بۆ گشت ناسیونالیزم و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد....

بۆ هاوڕێ ئیرەجی نازەرین جیاکردنەوەی ریزی سەربەخۆی کرێکارانی کوردستان لە و تەوەهوماتانەی کە ناسیونالیزم سەبارەت بە روخاندنی رژێم بۆتە هەڵوێستێکی جدی تاکو ئەوان نەبنەوە زەخیرەی ناله



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی. بەڵام حیکمەت وەک سیاسەتمەدارانی بۆرژوا ناسیونالیستی دەیەوێت هەمان ئەو تەبلیغاتانە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بڵێتەوە کە دوێنێ بەرەی کوردستانی پەیرەوی لێکرد، تەبلیغاتی ئەوەی کە ئەمریکا لە پشتیوانی ئێمەدایە، "ڕژێمی عیراق بەدەستی ئەمریکا و غەرب دەڕوا و ئێمەش لەو نێوەدا بە مافی خۆمان دەگەین"، "ڕای نەتەوە یەککرتووەکان بە قازانجی ئێمەیە، چونکە جیهان دژی دیکتاتۆریەتی و لە بەری دیموکراسی و مافی مرۆڤدایە ... ئەمە هەر ئەو قسانە بوون کە ئەمریکا و عەربیان لە سەرەتای ئەزمەی خەلیجدا وەک "فریشتەی ئەجات" بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ناساند و دواتریش بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و غەرب و جێ بەجێکردنی تەرحی کۆلۆنیالیستانەی "پەناگای ئەمن" دریژەیان پێ درا. ئەمەش هەر ئەو قسانەیە کە لە حاڵی ئێستاشدا خەڵکی بۆ مانەوەی حەساری ئابووری لەسەر ژیانی خۆیان بێدەنگ هێشتۆتەوە. بەڕاستی تاکەی واقعیەتە تفت و تاڵەکانی ئێستا دەرسی ئەوە فێری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان ناکات، کە هاوڕێ ئێرەجی ئازەرین ئیشارەی پێ کردووە "ناسیونالیزم بێگانەیە بە قازانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان" بەڵام دەرسێک کە حیکمەت گرتویەتی و دەیەوێت بە خەڵکی کوردستانی ڕابگەیەنێ ئەویش ئەوەیە کە

ئێوەی "خەڵکی کوردستان خۆتان پێتان خۆشە ڕۆژئاوا فاشیەکان بروخێنێ" و پەیوەست بن بە ڕیزی ئیمپریالیستەکانەوە، "چونکە لەم شێوە ڕوخاندنە دەرەتانێکی دیکەی سیاسی و جینایەتی تر لە جیهاندا شک نابەن"؟!!

**ڕای پێچەوانەی حیکمەت دیفاعێکە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی:**

حیکمەت لەسەر حسابی "بێ بەرنامەیی" و "نەبوونی لانی کەمی هاوبەشی" لە بۆچوونەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیدا، ڕەخنە لە هاوڕێ ئێرەجی ئازەرین دەگرێ و داوا دەکات:

دەبوو ئێرەج لە نووسینەکەی دا پێی لەسەر ئەوە داگرتبا کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوا بە هەموو باڵ و مەرهەبی و ڕێبازێکیانەوە لەدوای حەوت مانگ لە داگیرکردنی کوێت بۆچی ئەیان توانی بچوکترین بەرنامەی ڕوخانی ڕژێم کەڵاڵە بکەن و چاوەڕێ بوون سیاسەتی (باهۆزی بیابان- عاصفه الصحراء)ی ئەمریکایی بۆ کوێیان ڕادەبێچێ. بەڵێ دەبوو قسە لەسەر بێ بەرنامەیی ئەوان بێت، نەک بەرنامەی ئیئتلافی".

حیکمەت پێی وایە ئێرەجی ئازەرین بێ زانیارییە لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ڕەسمی عیراقی "تاکو لەم ڕێگایەوە ڕاستییەک لە لێکدانەوەکانی هاوڕێ ئێرەجدا بشێوێنێ و لە باسەکەی دەری کێشێت. بەتایبەتی بۆ هاوڕێ ئێرەج باسکردن لە ئیئتلافاتی ئۆپۆزسیونی عیراقی شوێنێکی دیاریکراوی لە خۆگرێدانەوەیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە گرتووە. هاوڕێ ئێرەج دەیەوێت بەپێی لێکدانەوەی سیاسەتە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە جەنگی خەلیج و ئامانجێکی لاوەکی تر لە عیراقدا پێمان بڵێ کە "ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی هەر لە ناسیونالیزمی کوردییەوە تاکو حیزبوڵای شیعی لەپێناو خۆ جووتکردنیان لەگەڵ سیاسەتە ئیحتمالییەکانی ئەمریکادا جۆرەها ڕێکەوتنیان پێک هێنا و <u>هێندە خۆشباوەڕانە بەم سیاسەتانەوە خۆیان گرێ دابەوە کە ئەیان دەویست ئەوە ببینن کە هەر حکومەتێکی جێگر لە عیراقدا ناتوانێ لە ڕوانگەی ئەمریکاوە حکومەتێکی خوازراو بێت</u>" بەم جۆرەش ئەوە ئەمریکا نییە خۆشباوەڕ بە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییەکان خۆی هێشتبێتەوە، بەڵکو ئەوە ناسیونالیزمی بۆرژوازییە کە بە پشت بەستنی بە تەوەهوماتی ڕوخاندنی ڕژێم" هەروەک کە پێشتر ئیشارەمان پێ کرد" بە پشتیوانی ئەمریکا خەڵکی کورد و سەرابای عیراقیان هێنایە مەیدانەوە...

حیکمەت ئەم ڕاستییە نابینێ و دەیەوێت خۆ لادات لە سورەتێکی واقعی کە هاوڕێ ئێرەجی بۆ ئایندەی ئالتەرناتوی حکومەتی پیرەوی ئەمریکایی لە عیراقدا نیشانی داوە و ئەم جارە خەڵکی کوردستان بە



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

بۆرژوازی بە مەبەستی روخاندنی رژێم ئەم بۆچوونە ئیتر حیکمەت لەسەر جێگای راوێژکارێکی دەستە راستی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بە کورد و عەرەبەوە دادەنێتەوە، تاکو لە رێگای ئەم مستشارە سیاسی یەوە باشتر کار بکەن لە پەنای ئەمریکادا بۆ رووخاندنی رژێم. ئەگەرچی حیکمەت گلەیی لە ناتەواوییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراق دەکات کە بێ بەرنامە و بێکاری هاوبەش ماونەتەوە، دەپەوێت دیفاعێکیان لە بەرانبەر رەخنەکانی ئیرەجی ئازەرین دا لێ بکات. دەنا هەموو کەسێک دەزانی کە رێکەوتنی هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەو رووەوە نەبووە کە بەرنامەی هاوبەشیان هەبێ چونکە ئەوان وەک حیکمەت و ئالای شۆرشەکەی بە پرەنسیپ نین کە هیچ هەنگاوێک بێ بەرنامە هەڵنەگرن!. بەڵکو لەو رووەوەیە کە هەموویان لەسەر یەک سیاسەت و ستراتیژی دیاریکراو راوەستانەوە و وەک پیرەو ئەمریکاییەکان لە جەشنی "یونیتا" و "مجاهیدنی ئەفغانی" سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەمریکایان تەنید کرد لە بەرانبەر رژێمی عێراقدا. دیارە ئەم کارەشیان بۆ ئەوە بوو کە لەم پەنایەوە دەسەڵات بکرنە دەست و بە قسەکەی هاوڕێ ئیرەج حکومەتێکی گوێڕایەڵی وەک سلڤادۆر لە عێراقدا دابمەزرێنن.

بە پێچەوانەی هەڵوێستی "شارەزایانەی"! حیکمەتەوە سەرهەڵدانی ئەزمەی خەلیج بۆ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراقی بەگشتی و ناسیونالیزمی کوردی بەتایبەت دەست پێکردنی دەورانێکی تازە لە هەڵسورانی سیاسی تەبلیغاتی بە حساب دێت. لەبەر رۆشنایی سیاسەتەکانی ئەمریکا و سەرهەڵدانی هاوکێشە سیاسییە نوێیەکان لە ناوچەکە و تەوازن قوایەکی تازە لەوێدا جێگا و رێگای حکومەتی بەعس لە تەنگەبەرێکی جیهانی و ناوخۆییدا راکرتبوو...

ئەمە زەمینەیەک بوو کە بەهۆیەوە گشت ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەرەو هەڵسورانێکی سیاسی و عەمەلی بەرفراوان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا پاڵپێوەنا و سەرەتا هەموو لایەک بەیانی خۆیان راگەیاند و بە ئیدانە و مەحکومکردنی رژێم خۆیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە گرێ دایەوە، پاشان چاوەڕوانی و بەستنی ئومێدەکان بە گولەتۆپ و کەشتییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە و ئینجا دەستدانە یەک مناوەرەی دیبلۆماسی بەرفراوان لە ئاست "وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و تەنانەت خودی ولاتە عەرەبییەکانی سعودیە و سوریا و ئیرانیشی گرتەوە و کار گەیشتە هاوخەتی و پشتیوانی زۆریەک لە ئەحزاب و هێزە بۆرژوازی و راستەکانی غەرب تاکو هەرچی باشتر لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا بچنە پێشەوە، لە ئاست ناوخۆدا جموجۆڵی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆن لە بێروت و سوریا و ئێران و تەنانەت ناوخۆی عێراقدا. لەپێناو خۆنواندنی گشتییاندا بە وێنەی "ئاڵتەرناتۆی پێشینە" لەبەرچاو ئەمریکا و غەربدا و پاشان تەبلیغاتێکی چڕوپڕی سەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە رادیۆکانی لەندەن و پاریس و دەنگی عێراقی ئازادەوە بڵاوکرایەوە، لەناوخۆدا بە عەمەلی دروشمەکان لێدران، لێبووردن و ئاشتبوونەوەی گشتی راگەیاندرا و ئەنجامدەرانی "ئەنفالەکان لەبەر خاتری یەکێتی رێزەکانی گەل بوونەوە برا، هێزەکان بە چەک و یارمەتی ولاتانی تر پڕ چەک کران و نێردرانەوە بۆ ناوەوە، شانە چەکدارەکان لە کوردستان و "ڕەوی" موسوڵمانانی چەکدار لە سنوورەکانی ئێرانەوە بۆ ناوخۆ دەستی پێکرد و سەرئەنجامیش کاتێک بۆ راپەڕین راگەیەندرا و بەمجۆرە هورەکار، خوارووجیاکانی کوردستان بوونە جەبهەیەکی "خەلقی" و عەمەلیاتی تەواو کاری "عاصفە الصحرا".

ئەمانە لایەنەکانی دەورانی فەعالیەتی هاوبەشی گشت ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بوون کە لەسەر مەتنی ئەزمەی خەلیجدا پەیڕەوییان لێکرا. بە قەولی حیکمەت "بێ بەرنامە بوو"! هەربۆیە ئابێ جێگای مەبەستی حیکمەت، بەتایبەتی ئەو وەک "مستشارێکی سیاسی بورژواکان" سەرمەستە بە ژورنالیزی بورژوازی و "معجبە" بەوە کە بە هاوڕێ ئیرەج بڵێ:

لە کۆنگرەی بەیروتیشدا قسە لەسەر بڕیاردانی سەربەخۆ



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

کراوە و دژایەتی حکومەتی بەیرەو ئەمریکایش لە ئارادابووە!!؟"
ئەمە ئیتر پوچترین و خۆشخەیاڵترین قسەی کەسێکە کە تەبلیغاتی بۆرژوازی، تاکو مۆخی ئێسقان داڕزاندووە و ناتوانی هیچ ڕاستییەک جیا لەوە ببینێ هەربۆیە ئیتر لەمە زیاتر قسە لەسەرکردن هەڵناگرێ.

## چوارەم: حیکمەت چۆن لە "شۆڕش" و شۆڕش تێدەگات؟

سەرەتا بابزانین حیکمەت چۆن وشەی "شۆڕش" لە زمانی فارسیدا، لێک دەداتەوە:
گوتارەکە ..مەبەستی لە مەقالەی تراژیدیای کوردە- ڕاپەڕین بە "شۆڕش" لە قەڵەم دەدا، شۆڕشیش لە زمانی فارسیدا، هەڵچوونێکی بێ سەروبەرە و ئاژاوە و پشێوییە..."
حیکمەت ئەگەرچی دەزانێت "مستشاری سیاسی" بێت، هەروەها لە زمانی پەتی فارسیشدا دەستێکی باڵای هەیە ئەوەتا بۆ دەرخستنی ڕوخساری گەشی "شۆڕش و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی مانگی ئازاری ساڵی ڕابردوو" پشت بە مانای ڕوتی وشەکان دەبەستێ و نایەوێت کەس بە فارسی ڕاپەڕینەکەی بڵێ "شۆڕش" چونکە ئەمە بە مانای هێنانە خوارەوەی ئاستی ڕاپەڕینە بۆ هەڵچوونێکی بێ سەروبەرە یان بابڵێین ڕووداوێکی خۆبەخۆیی و ئاژاوەگێڕی.
بەپێی شارەزاییەکانی حیکمەت ڕاستە "شۆڕش" بە یەکێ لە ماناکانی هەڵچوون و ئاژاوەش دەگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەر کەسێک مەقالەکەی ئیرەجی ئازەرین بخوێنێتەوە بەڕۆشنی بۆی دەردەکەوێت کە ڕووداوەکانی کوردستان -یانی ڕاپەڕینی مانگی ئازار- وەک ڕووداوێکی بێ سەروبەرە و ئاژاوە پێناسە نەکراوە، بەڵکو وەک بەشێک لە پراکتیک و هەڵسوڕانی بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لە جەرگەی تەوازنی قوایەکی دیاریکراوی چینەکان و جوڵانەوەی جۆراوجۆردا و لە درێژەی هەمان ئەو توخمە سەرەکییانەدا. کە هاوڕێ ئیرەج ئیشارەی پێداوە پێشینە و حاڵ و ئایندەی بۆ فەراهەم بووە و پاشان وەک ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی شکڵی بەستووە. ڕووداوێک کە ئاگاهانە لەلایەن جەرەیاناتی سیاسییەوە دەستی بۆ براوە. لەم ڕوانگەیەوە وشەی "شۆڕش" لای هاوڕێ ئیرەج هەم بە جیاواز لە جوڵانەوەی خۆبەخۆیی و بێ سەروبەر بەکار براوە و هەم هیچ خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕیتی و شۆڕش بوون بەو ڕووداوە نابەخشێ. بەڵکو ئەو شتەی کە عیبارەتەکانی "شۆڕشی کوردستان"، "ڕاپەڕینی خەڵکی کورد"، "ئینتیفازەی خەڵکی کورد" لە بەرانبەردا بەکار دێت، لە ئاوەڕۆکدا شتێکی زیاتر نەبووە لە کار و کردەوەی جوڵانەوەی سیاسی ناسیونالیزم لە کوردستان و جوڵانەوەی مەزهەبی لە جنوبدا. کار و کردەوەیەک کە لە چوارچێوەی هەستانی شاری دا ڕوویان داوە و بەم پێیەش دەکرێ وشەکانی "شورشهای شهری"، "خیزشهای شهری"یان لە بەرانبەردا بەکاربهێنین. بەڵام ئەمە ڕواڵەتی مەسەلەکەیە چونکە حیکمەت بۆ خۆشی دەزانێت هەموو شتێک نسبییە و بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێ و بەم پێیەش وشەی "شۆڕش" لە قاموسە فارسییەکاندا چەندین مانا لە بەرانبەریدا ڕیز دەکرێ! دروست با لە زمانی حیکمەتەوە بڵێین ئەوەی ڕوویدا هەستان وەیان ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان و خواروو بوون -کە لە واقعدا ئەمە بوو- وە خەڵکێکی زۆر لە کرێکاران و زەحمەتکێشان بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام هیچ یەک لەم خەسڵەتانە. کۆمۆنیستەکان ناگەیەنێتە بۆچوونێکی ئۆتۆماتیکیانە سەبارەت بە شۆڕش بوون و شۆڕشگێڕیتی خەسڵەتی هەستانەکان و ئەو بەشدارییەش کە کرێکاران و زەحمەتکێشان تیایاندا کردویانە، چونکە هەر هەستانێک ئەگەر شاری بێت یان شاخی بێت، ژمارەیەکی کەم وەیا زۆر لە خەڵکی ستەمدیدە بەشداری بکەن یا نەی کەن، مەرج نییە یەکسەر، پێناسەی ماهیەتی چینایەتی شۆڕشگێڕانەی پێ ببەخشێت، بەتایبەت کە لە کۆمەڵدا چینە جیاوازەکان مەوجودن و لەسەر پایەی مەوقعیەتی مادی و بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان و ئاسۆ و ئامانجی کۆمەڵایەتی هەر یەکەیان جوڵانەوەی جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن و دەکرێ



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

... بە هەستانی شاری

بەستنی و زۆربەی زۆری خەڵکیش بخەنە پشت سەری هێزەکانی خۆیانەوە... ئەوەی کە هەستانی شار و ڕاپەڕینی خەڵکی دەکاتە حەرەکەتێکی شۆڕشگێڕانە واقعیەتی عەینی و سیاسییەکانی ئەو جوڵانەوەیە کە خەسڵەتی ئەو حەرەکاتانەی لە خۆیدا پێناسە کردووە... ئەمڕۆ لە زۆر، وڵاتانی سەرمایداری جیهاندا جوڵانەوە و هەستانی شارەکان بینراوە و دەبینرێ، لە بەرازیل، کۆریا، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و شورەوی، یۆگۆسلاڤیا، جەزائیر... نموونەیەکن لەو وڵاتانە ئەم واقعیەتە لە بنەڕەتەوە بەرئەنجامی دەرەجەیەک لە گەشەی سەرمایەداری و جێ خستنی ڕێژەی زۆری دانیشتوان و جەمعیەتی کارکردوان و کۆبوونەوەیانە لە شار و شارۆچکەکاندا، وەک پاشکۆیەک لە حەرەکەتی چەق بەستن و هەڵخستنی قەوارەی سەرمایە و حەرەکەتی ڕۆژانە و کارکردەکانی هاتوونەتە پێشەوە و ژیانی شارنشینی ئینسانەکانی دیاریکردووە، بەڵام سەرمایەداری بەو پێیەی کە لە توانایدا نییە شەرایتی ئینسانی و بژێوی و پێداویستەکانی کۆیلانی خۆشی مسۆگەر بکات و بەردەوام وەڵامی بێ بداتەوە، بە ناچار شارەکان وەک کانونێکی ئیعترازی بەرین بۆ جوڵانەوەی موتالەباتی و ئیعترازاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە بەپێی بنەماکانی خەباتی چینایەتی نێو کۆمەڵ ڕوو دەدەن، فەراهەم دەکات. ئەزمە یەک لەدوای یەکەکانی سەرمایەداری دیسانەوە ئەم ڕاستییە توندتر و ئامادەتر دەباتە پێشەوە. بەم پێیەش هەستانی شارەکان بۆ جوڵانەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەکاتە یەک واقعیەتی هەمیشەیی و موحتەمەل. هەستانی شارەکانی کوردستان ڕیشەیان لە هەمان ئاڵوگۆڕدایە کە بەدرێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو لە کوردستاندا ڕوویان داوە و بەم جۆرەش هەر خودی ئەو هەستانە جێگای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بووە، بە دیاریکراوی دەکرێ بڵێین هەستانی شارەکانی کوردستان، چوارچێوەیەک بووە هەم بۆ جوڵانەوەی ناسیونالیستی و هەم بۆ جوڵانەوەی شورایی کە بەپێی ماهیەتی هەر یەکەیان خەسڵەتی شۆڕشگێڕی و ناشۆڕشگێڕیان هەبووە.

بەم جۆرەش لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە ناکرێ لەژێر ناوی "ڕاپەڕین"دا هەویەتی شۆڕشگێڕیتی و شۆڕش بوون بەگشتی بەو ڕووداوانە بدرێت، ئەمە تەنها کاری ناسیونالیستەکان و جوڵانەوەی بۆرژوازییەکانە کە هەر جوڵانەوەیەکی کۆنەپەرستانەی خۆیان بە ناوی جوڵانەوەی زۆربەی زۆری خەڵکی شۆڕشگێڕەوە ئەداعی بکەنەوە و حیکمەتیش هەر لەم پێناوەدا هەنگاوی هەڵگرتووە.

بەڵام بابزانین حیکمەت چۆن لە مانای واقعی شۆڕش و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە تێگەیشتووە. وا بە دیفاعێکی پەیگیرانەوە لەسەر "ڕاپەڕین" دژایەتی ئیرەجی ئازەرین دەکات.

"جاری هەڵەیە ڕاپەڕین ببەستینەوە بە کوردستانەوە و لە کوردستانەوە دوا حوکم لەسەر سەرکەوتن و زیرکەوتنی بەین، چونکە ڕاپەڕینەکە عێراقی بوو نەک کوردستانی."

"ئەوە بوو ڕژێم بەزی، وەکو بەزی جاری ئاستەنگەکە ڕۆنەچووبووە ناخی ژیانی خەڵک، ئەو بەزینە پێش خەملینی بارە بابەتییەکە ڕاپەڕین خەڵکی هاندا قینی قولیان بە ڕژێم بڕێژن و ڕاببەڕن، بەتایبەت باوەڕی وا زاڵ ببوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەست لە سەدام هەتا ڕوخاندنی هەڵناگرن، بەڵام وا دەرنەچوو

... هەڵبەتە ڕۆژئاوا عەودالی ئاڵتەرناتیفی خۆیەتی و ئەمەش لە ڕاپەڕیندا نەبوو، ئەوانەی سەر بە ڕۆژئاواش بوون لە جێی ئەبوان دا بوون، ئۆپۆزیسیۆنیش بێ بەرنامەی هاوبەش بوو. مەزهەبییەکانیش لەلایەن ڕۆژئاواوە لە هەموو بارێکەوە ئافەرووست کراون بۆیە ڕۆژئاوا پشتیوانی ڕاپەڕینی هەتا سەرکەوتن نەکرد."

"... ناکرێ دەستکەوتە گرنگەکانی ڕاپەڕین فەرامۆش بکرێ کە هەرە گرنگیان ١ ڕیسوابوونی فاشییەکان و تێکشکانی هەیبەت و هەژموونییانەیان. ٢. ئەهێشتنی مەترسی تواناوەی کوردە ٣ ڕەوانەوەی مۆتەکەی فاشیەتە لە بەرانبەر خەباتی چینایەتی و دیموکراسی... ٤ هەڵوەشانەوەی



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

5

دامودەسگاکانی بیست ساڵەی ڕژێم ٥- دەستکەوتنی ملیۆنەها بەڵگەی فاشیانەیە. ٦ ئەزموونی خودی ڕاپەڕینە

حیکمەت ئەگەرچی لە سەرتاپای ڕەخنەکانیدا بە زۆری وشە و عیبارەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشی بەکار هێناوە، بەڵام ئەو ڕستە و برگانەی کە خستومانەتە ڕوو باشترین و فۆرمۆڵەترین بۆچوونەکانی حیکمەت لە بیناسە و ناساندنی ڕاپەڕینەکە بەدەستەوە دەدات، بۆ ئەو بەو مانایە ڕاپەڕینە. "کە کوردستانی نەبووە و عیراقی بووە. خەڵکی بەڕووی ڕژێمدا ڕاپەڕیون"، "چەندین دەستکەوتی هەبووە" لەوانە کوردی لە مەترسی توانەوە ڕزگارکردووە، "ملیۆنەها بەڵگەی فاشییەکانی ئاشکرا کردووە" (حیکمەت وا دەزانێت بەڵگە تەنها سەبەدە گیراوەکانی (دانیرەی ئەمنە)، فاشییەکانی ڕیسواکردووە دامودەزگاکانی هەڵوەشانۆتەوە و.... باشان حیکمەت بە پێویستی زانیوە هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕین لێک بداتەوە!! بەڵام بەداخەوە لە تەواوی ئەو فسەهێنان و بردنانەدا حیکمەت باس لە ڕاپەڕین و شۆڕشێکی بێ ناوەڕۆک دەکات و نای سەلێنێ کە ڕاپەڕینەکەی ئەو ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی چی بووە؟ حیکمەت هێندەی لەسەر بڵێ: ڕاپەڕین، ڕاپەڕین بووە، نەک "شۆڕش". بەڵام نیشانی نادات کە لەسەر بناغەی "کام بەرژەوەندی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی سەری هەڵداوە؟ بەڵکو بۆ ئەو هێندە بەسە کە خەڵکی ڕاپەڕیون و دەستیان بۆ چەک بردووە. بەڵام بۆ کرێکاران، مەسەلەکە ناتوانرێت هەروا بەئاسانی مایەی پەسەندکردن بێت. کرێکاران ناتوانن ڕاپەڕینێکی خەڵکی" بە شۆڕشگێڕانە بناسن لەژێر سایەی ئەوەدا کە میللەتی لە توانەوە ڕزگار کردبێت، وەیان دامودەسگاکانی دەوڵەتی تێکشکاندبێت و چەندین بەڵگەی فاشییانەی تیا ئاشکرا کرابێت... بۆ ئەو ڕاپەڕینێکی خەڵکی" کاتێک مانای شۆڕشگێڕیتی پەیدا دەکات کە ئاڵوگۆڕێکی بەسەر وەزعیەتی ژیان و گوزەرانی ئەو وەک چینێکی هەرە چەوساوەی نێو کۆمەڵدا هێنابێت و لانی کەم زەحمەت و بێ مافی و نابەرابەری و زوڵم و ستەمێک کە لەنێو کۆمەڵدا هەیە لەسەر شانی لابردبێت. بۆ کرێکاران ئەوە جێگای پرسیارە ئەگەر ڕاپەڕین کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی چینی شۆڕشگێڕی کۆمەڵە و توانیویەتی "فاشییەکان بە وێنەی حکومەتێکی بۆرژوازی ڕیسوا بکات" لەبەرانبەریدا کامە ئاڵتەرناتیوی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتداریتی لە زەمینی کۆمەڵدا جێ خستووە؟ ئەگەر دامودەسگاکانی ڕژێمی لەبەر یەک هەڵوەشاندۆتەوە لە جێگەی ئەودا کام شێوەیە لە ئورگانی شۆڕشگێڕانەی داناوەتەوە؟ ئەگەر "ڕاپەڕینی خەڵکی" هێرشی جەماوەری شۆڕشگێڕە بۆ کرێکاران ئەوە جێگای پرسیارە کە ڕێکهاتنەوەی جەماوەری ڕاپەڕیو لەژێر سایەی کام سیاسەتی چینایەتیدا بۆتە یەک حەرەکەتی واقعی؟.

ئەمڕۆ ئەگەر هەر کرێکارێکی هۆشیار بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە چاو لە وەزعی خۆی بکات بەڕوونی هەم ناوەڕۆکی پووچی ڕاپەڕینی خەڵکییەکەی حیکمەتی بۆ دەردەکەوێت و هەم دەزانێت چ هەڵەیەکی کردووە کە لە ڕووداوێکدا بەشداری کردووە کە نەک هەر ژیانی ئەوی نەگۆڕیوە بەڵکو تا دێت وەزعیەتی هەژاری و نەداری گرانی و بێکاری و بێمافی و چەندین مەینەتی تری، زیاتر دەکات. تا دێت کوردستانێک کە بڕیار بوو ئازاد بێ، ئێستا چۆن بۆتە قەڵایەکی کۆنەپەرستی لە چەشنی "ئیسرائیلی دووەم" لە بردنە پێشەوەی ستراتیژییەکانی ئیمپریالیزمدا. ئەمڕۆ بۆ هەر کرێکارێک ڕۆشنە ئەوەی کە ئەو تیایدا بەشدار بوو ڕاپەڕینی ئەو نەبوو، بەڵکو جوڵانەوەی باڵێکی تری بۆرژوازی بوو، هەر بۆیە ئێستاش تەواوی ئیهادە سەرکوتکەری و بیروکراتیەکان بە بەرگی کوردیەوە هاتونەتەوە سەرسەری خەڵکی، دەزگاکانی ئیداری و پەروەردە و ئیجرام و قاری و کاربەدەستانی کۆن و پۆلیس و تەنانەت کۆلیژەکانی عەسکەری و چەکداریکی بێ وێنە و سیستەمێکی دیبلۆماسی ئەمنی و چی و چی تر، زیندووبوونەتەوە و لە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کاردان. ئەمانە هەموویان شاهیدی ئەوە دەدەن، ئەوەی کە ڕوویدا "ڕاپەڕینی خەڵکیش" نەبوو، بەڵکو شتێکی زیاتر لە جێگاگۆڕکێی باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی، نەبوو. کرێکاران ناتوانن هەروا دڵ بە مەقولەیەکی بێ ناوەڕۆکی وەک "ڕاپەڕینی خەڵکی" خۆش بکەن، چونکە لەنێو خودی "خەڵک"دا چین و توێژە

کۆمەلایەتییەکان، ئامانج و ئاسۆی سیاسی و خەباتکارانەی جیاواز مەوجودە، بۆ ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینیک جێگای مەبەستە کە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی چینایەتی و لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی جولانەوەی سەربەخۆی خۆیدا دەستی بۆ بەرێت، شۆڕشێک کە ئامانجی سەرەوژێرکردنی کشت نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی مولکداریتی کشتی بۆ خۆی داناوە، ئامانجێک کە بەهۆیەوە دەتوانی ئازادی و بەرابەری واقعی لەژێر سایەی حکومەتی کرێکاریدا زامن بکات.

بەلام ئەوە هەر حیکمەت نییە کە بە تەنها پێ داگری لەسەر مەقولاتێکی پووچ و بێ ناوەڕۆک و مجرد ی وەک "ڕاپەڕین"، "ڕاپەڕینی خەلکی"، "شۆڕشی کورد"...... دەکات، بەلکو واقعیەتەکانی چەندین دەیەی ڕابردووی کۆمەلگای سەرمایەداری لافاوێک لەو چەشنە مەقولات و مەفاهیمانە دەبینرێن و لەلایەن بۆرژوازی و چینە داراکانەوە تەئکیدیان لێ کراوە: هاتنە سەر کاری حکومەتی بەعس بە کودەتایەک بە شۆڕش ناوبرا، دەولەتی کردنی پیشەسازی و سەرچاوە نەوتییەکان بە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە لە قەلەم درا، خسوسی کردنەوەی سەرمایەداری بە شۆڕشی گەورە ناسێندرا، پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێو نەتەوەکان و بە ڕەسمی کردنی سنووری نێوان دەولەتان بە شۆڕشی چارەنووس وەرگرتن لێک درایەوە، دامەزراندنی پەناگای ئەمنی ئیمپریالیستەکان بە نیشتمانێکی ئازاد بوو ناولێنرا، هاتنی کۆنەپەرستی مەزهەبی بۆ سەر حوکم مانای شۆڕشی دژی فەسادی بەخۆوە گرت.... لەنێو ئەم بۆچوونانەدا شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی، هەر لە ژەنەڕالە عەسکەریەکانەوە تاکو حقوقییەکان و مستشار و نۆکەرانی ئیمپریالیزم و ئابووریناسە بۆرژوازییەکان و تەنانەت عەمامە بەسەر و پاپ..... بە کەسانی شۆڕشگێڕ و شۆڕشگێڕانی سەردەمی ئالوگۆڕە جەماوەری و خەلکییەکان خۆیان بەسەر زەینی خەلکیدا داسەپاند و بەم پێیەش ئەمڕۆ ناوەڕۆکی واقعی شۆڕشگێڕانەی شۆڕش وەک کردەوەی ئینسانی شۆڕشگێڕی کۆمەل، یانی ئینسانی کرێکار بە تەواوی لە تەم و مژ و نارۆشنییەکانی "شۆڕشی درۆزنانە و ناوەژوودا" غەرق بووە، ئەمڕۆ مانای واقعی شۆڕشگێڕیتی شەخسیەتە کۆمەلایەتی و چینایەتییەکانی کرێکاران بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر ئەم تەمومژەوە، ئەم واقعیەتە بەرئەنجامی لێ نەزانی و "تەشویهات" و تەحریفاتێک، نییە کە کەسانی وەک حیکمەت پێی هەستابن، بەلکو ئەم مەسەلەیە لە دوا لێکدانەوەدا ئەنجامی هاتنە ڕووی ئابووری سەرمایەداری لەم سەدەیەدایە، هەلدانی ئیمپریالیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزانەی کە لەباری مێژووییەوە کۆنەپەرست بوون، لە بەرانبەر نفوزی ئیمپریالیزمدا، لە ولاتانی جیهانی سێهەم، شکل گیری مۆدێلی جیهان داگری کەلەکەی سەرمایە و سەرمایەداری دەولەتی، کە لە بەرانبەرکێی کۆمەلایەتی و جەنگی گەرم و سارددا لەگەل یەکتردا ڕاوەستا بوون... ئەمانە بناغەکانی هاتنە پێشەوەی شەپۆلێک لە مەقولاتی ناوەژوو و ناوەڕۆک بۆرژوازیانەی بەسەر کرێکاران و جولانەوەکەیدا سەپاندووە و حیکمەتیش لەم ڕەوتەدایە ئالای ڕاپەڕینیک هەل دەبڕی "کە مەترسی توانەوەی نەتەوەکەی بۆ دوورخستۆتەوە" و دەیەویت وەک پالەوانێکی شۆڕشگێڕی میللەتەکەی بەرەو جیهانی سەدەی بیست و یەکەم هەنگاو هەلگری و هەر لەم ڕوانگە بۆرژوازییانەوە، مانای واقعی "شۆڕش" و شۆڕشیش لێکدەداتەوە.

**ڕابەڕین، شکست، دیپلۆماسیەت، لە دانیرەی ستراتیژی نەسیونالیزمی کورددا:**

بەو پێیەی حیکمەت لە زۆر جێگای ڕەخنەکانیدا باسەکانی خۆی لەسەر ڕاپەڕین خەستکردۆتەوە، مەولیشی داوە لە شکستە کاتییەکەی و مناوەرە سیاسییەکەشی بکۆلێتەوە حیکمەت بەجیا لە ناسیونالیزمی ڕەسمی کە هیچ قسەیەکی لە شکستی کاتی و نوچدان و شتی لەم بابەتە نییە، لە بەشێکی نووسراوەکەی دا، ئاماژە بە هۆیە بابەتی و خۆییەکان، دەرەکی و ناوخۆییەکانی ڕاپەڕین کردووە تاکو بتوانی دەرس و تەجروبەی جدی لێ وەرگری.

بەلام ئەگەر رابەرین لە بۆچوونەکانی حیکمەتدا شتێکی بێ ناوەڕۆک و سەروو چینایەتی بێت، دیارە شکستەکان و مەیدانەکانی مناوەرەی سیاسییەکەشی واقعیەتێکی ترە کە ناچێتە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی حیکمەتەوە. ناسیونالیزمی کورد بەپێی ئامانجە سیاسییەکان و ناسوو کارکردێک کە هەیبووە خاوەنی ستراتیژییەکی دیاریکراو بووە کە مێژووی چەندین ساڵی رابردووی جوڵانەوەی لە کوردستاندا بێ نەخشاندووە، جەنگ دیبلۆماسیەت، و چاوەڕوانی، ئەمانە حەلقە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو ستراتیژییەن کە دەکرێ بەڕۆشنی لە ڕووداوەکانی یەکساڵی رابردوودا تەشخیس بدەین.

یەکەم جار ئەزمەی خەلیج و دەورانی چاوەڕوانییەکانی ناسیونالیزم لە کوردستان کۆتایی پێ دێنێ و ئینجا بەبێی تەوازن قوا و هاوکێشە سیاسییە نوێکان لە ناوچەکە و ئەو ڕیزبەستنەی کە لە جیهاندا پێکهاتبوو وەک جەرەیانێکیی دژی ڕژێمی بەرەو دەورانێکی فەعالبوونەوەی سیاسی و عەمەلی لە ئاستێکی بەرینی ناوخۆ و جیهانیدا پاڵ پێوە دەنێ. سەرەتا جەرەیاناتە ناسیونالیستییەکان لە کوردستان پەیوەست بوونەوەی خۆیان بە ریزی ئەمپریالیستەکان ڕادەگەیەنن و تەواوی ئامانج و سیاسەتەکانی خۆیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە لە چوارچێوەی بردنەپێشەوەی نیزامی نوێی جیهانیدا لە ناوچەکە و جیهاندا گرێ دایەوە و پاشان کەوتنە خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێزەکان و بەستنی ڕێکەوتنەکان لەگەڵ جەرەیاناتی تری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا و سەرئەنجام وەک هێزەکانی پشتی جەبهەی عاصفە الصحراء جێگاوڕێگای خۆیان گرت. دواتریش لەگەڵ شکستی ڕژێم لە جەنگی خەلیجدا، قۆناغەکانی جەنگێکی هێرشبەرانە لە چوارچێوەی هەستانی شارەکاندا ڕەچاوکراون و شارەکان "ڕزگارکران..." بەمجۆرە، لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە ڕابەرین بۆ ناسیونالیزمی کورد بڕگەیەک بوو لە جەنگی تەعەروزی بۆ سەر ڕژێم لە تەوازن قوای دیاریکراو لە ئەوزاعێکی نێونەتەوەییدا.

دووەم جار دوابەدوای وەستانی جەنگ و ملدانی ڕژێم بۆ بڕیارەکانی "مەجلیسی ئەمن" ناسیونالیزم لەیەک دەورانی تەنگەبەری سیاسی و دەرگیر لە تەوەهومات و خۆشخەیاڵییەکانی خۆیدا، سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ئەمریکا و غەرب و ڕووخاندنی ڕژێم، مایەوە و سەرئەنجامیش هێرشەکانی ڕژێم و گرتنەوەی شارەکانی کوردستان، بە کارەساتی ئاوارەیی خەڵکی تەواو بوو، کە ڕێگای کردەوە بۆ دەورەیەک لە چاوەڕوانی و هەڵسوڕانی دیبلۆماسیەت لە ناوخۆ و دەرەوەدا، چاوەڕوانییەکانی ناسیونالیزم تێکەڵێک لە ناکامەکانی مفاوەزە و "مناوەرەی سیاسی" لەپێناو جێبەجێکردنی تەرحی پەناگای ئەمن و هێڵەکانی سنووردا، بووە ئامانجێکی دوولانە کە سەرئەنجام بە قازانجی هێرش بۆ سەر ڕژێم (جەنگ) و گرتنەوەی شارەکان لەژێر سایەی بڕیارەکان و نەخشەکانی ئەمریکا و غەربدا ناسیونالیزمی بە قۆناغی ئێستای حاکمیەت، گەیاندەوە قۆناغێک کە لەودا کوردستانی کردۆتە تەنوورێک، تەنوورێک لەنێوان کایەی چاوەڕوانی و دیبلۆماسیەتدا کە ئاخۆ سەرەنجامی بە چ جەنگێکی ناوخۆیی دەی سپێرێ... ئەم واقعیەتانە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی حیکمەتەوە بەشێک نین نە لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە و نە لە ڕاپەڕینی بێ ناوەڕۆک و بێ هەویەتی چینایەتی، بەڵکو "ڕاپەڕین" ڕاپەڕینی ناسیونالیزم بووە و شکست و کەموکوری و پێشڕەوییەکانی تا ئێستاشی بەشێکی جیانەکراوەی پراکتیک و کارکردە سیاسیەکانی هەر ئەم جوڵانەوەیە بووە و سەرئەنجام هەر ئەویشی بە دەسەڵات لە کوردستاندا گەیاندووە. "واقعیەتەکانی یەکساڵی ڕابردوو هەر لە سەردەمی داگیرکردنی کوێت و سەرهەڵدانی ئەزمەی خەلیجەوە بگرە تاکو دەورانی جەنگ و پاشان هەستانی شارەکان، ئینجا پاشەکشە و دەورانی ئاوارەیی... دەورانێک بووە کە لەودا ڕەوتی پێشڕەوییەکان و پاشەکشە و دیسانەوە پێشڕەوی و شکستی جوڵانەوەی ناسیونالیزمی لە چوارچێوەی ستراتیژی جەنگ، دیبلۆماسیەت، چاوەڕوانیدا، مانا کردۆتەوە.

بەلام ئەجبا لە هەموو ئەم لێکدانەوانە حیکمەت ناتوانێ هەڵوێستێکی رادیکالانەش لە بەرانبەر ئەو ڕووداوەدا بگرێت بەر کە پێی وایە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە بووە و ئێستا شکستی کاتی" لێی داوە ئەو بە

ڕاپەڕینەدا. لە ئەحزابی بۆرژوازی و پیشکرتن بە فراوانبوونەوەی نفوزی سیاسی و دەسەلاتیان لە جەرگەی بەرەو پیش بردنی جولانەوەی موتالەباتی و رادیکالانەی بەشی خوارەوەی کۆمەلدا. کەچی لە شکستەکانی ناسیونالیزمی ڕەسمی و ڕەخنەگرتن لە کەموکوریەیاکنی حەرەکەتی ناسیونالیستییەوە دەیەوێت "شکستی کاتی" هەلسەنگێنێت.... هەربۆیە "کار و کردەوەی نادیموکراسی و دزی و تالانی"، "بەخشینی هەزاران تاوانبار و جاسوس"، "هاوپەیمانەکان دەستیان لە ڕووخاندنی ڕژێم هەلگرت"، "ئۆپۆزیسیۆن بەرنامەی نەبووە"، "ڕۆژئاوا پشتیوانی تا سەرکەوتن نەکردووە"... بە هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕین دەزانێت!! لە کاتێکدا بۆ ئیرمجی نازمرین چ ڕاپەڕین و چ شکستیەکەی بریتییە لە حەرەکەتێکی ناسیونالیستیانە و دان پێدانانە بە برینی یەک دەورەی پووچ"دا.

### ڕای گشتی خەلکی ڕۆژئاوا و مناوەرەی سیاسی:

حیکمەت بۆ ئەوەی بۆچوونە نادروستەکانی خۆی بە وێنەی ڕەخنەگرێک بەرزکاتەوە ناچار بووە بە هەندێ تەحریفاتی فێلبازانەش. بەتایبەت کاتێک کە لە بەرانبەر مەقولەی "ڕیزبەستنی جولانەوە پێشکەوتن خوازاکان"دا مەقولەی "ڕای گشتی ڕۆژئاوا" دەهێنێتە کایەوە. یەکەم جار هەموو کەس دەزانێت باسکردنی هاوڕێ ئیرەج لەسەر ئەوە نییە کە <u>ڕای گشتی</u> ئەمریکا و ڕۆژئاوا چی بووە لەسەر ڕووداوەکان. چونکە ئەمە تەنها مەقولەیەکە، کە ژۆرنالیزمی بۆرژوازی پشتی پێ دەبەستێ، ئەویش دوای وەرێ خستنی تەبلیغاتێکی بێچەوانە و جێگیرکردنی لە زەمینی کۆمەلانی خەلکی ئاساییدا. بەلکو بۆ ئەو قسەیە لەسەر <u>جولانەوە کۆمەلایەتییەکان</u> کە هەلوێستیان بە جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا گرتووە بەیەکچواندنی ئەم دوو مەسەلەیە ڕەنگدانەوەی هەمان عەقلیەتی ناسیونالیستییە کە لە بنەڕەتەوە ڕووی لە پەردە پۆشکردنی ئەو ڕیزبەستنە چینایەتییە جیاوازانە کردووە کە لە جیهاندا لە دەوری مەسەلەی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا پێکهات. ئامانجی حیکمەت لەم کارەی دا تەنها ئەوەیە کە سیاسەتی شەڕخوازانە و تەجاوزکارانەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم کاتەوە، بەتایبەت کاتێک کە باس لە بزووتنەوە پێشکەوتن خوازییەکان و "مناوەرەی سیاسی" دەکات.

١- سەبارەت بە بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان حیکمەت پێی وایە ئیرمجی نازمرین مەسەلەکەی گەورە کردووە بەوەی کە وتویەتی "لە سەرانسەری دنیادا تەواوی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دژی ئەمریکا نارەزایەتیان دەربڕی" کوایە هێشتا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی تر ماوە و خۆی دەرنەخستووە، چونکە ملیۆنەها کرێکار و ڕۆشنبیر و کارمەندی تر بێدەنگ بوون لەئاست جەنگدا هەر بۆیەش "شەعبیەتی جۆرج بۆش بەرزبۆتەوە" ئەمە ئیتر ئەوپەڕی لێکدانەوەیەکی مندالانەیە، کە حیکمەت دیفاعی لێ دەکات، بەتایبەت کاتێ قسە لەسەر جولانەوەیە، کەچی ئەو باس لە ملیۆنەها کەسی گێژبوو بە سیاسەتەکانی دەسەلاتداران دەکات. جگە لەمەش حیکمەت پێی وایە <u>بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی دژی جەنگ</u> "بزووتنەوەیەکی <u>گشتی</u> پێشکەتنخوازییە و بەم پێیەش چین و توێژی تر لە خەلک" هەیە کە پێشکەوتنخوازن و مایەی هاوکاری کردنیشن!!

ئاغای بەڕێز مەیشێوێنە! مەبەستی هاوڕێ ئیرەج ئەوەیە کە پیمان بلێ ئەزمەی خەلیج بووە کانونێک بۆ ئەزمەیەکی جیهانی کە لە جەرگەیدا دوو ڕیز بەستنی چینایەتی جیاواز پێکهات. یەکەمیان ڕیزی ئیمپریالیستەکان و نۆکەرانی کە لە دەورەی سیاسەتی شەڕخوازانە و تەجاوزکەرانەی ئەمریکا پێکهاتوو ڕیزی دووەم جولانەوەی دژی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا بوو کە لەلایەن هێزە پێشڕەوە



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتە کایەوە

ئەم بێیەش لە روانگەی چینی کرێکار و قازانجە نێونەتەوەییەکانییەوە هەڵوێست گرتن بە جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکای کردە بناغەی هەر هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانە. دروست هەر وایە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە هەر دەورەیەک لە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خەباتی چینایەتی لە دەوری مەسائیلێکی بەرەتی کە گشت ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێوە بەند دەبن و گری دەخوات و هەر ئەوەش دەبێتە پێوانەیەک بۆ ناسینەوەی هێزە شۆڕشگێڕ و دژی شۆڕشگێڕییەکان. بۆ نموونە لە سەردەمی ئەزمەی خەلیجدا مەسەلەی پێشگرتن و ڕوونەدانی جەنگ مەسەلەی محوەری کرێکارانی جیهان لە بەرانبەر سەرمایەداری و ئەزمە نوێیەکەیدا پێکهێنا. هەر کەس ئالاهەڵگری دژی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا وەستا بێت، بە جیاواز لەوەی پێکهاتی چینایەتی چی بووە، یانی خوردە بۆرژوا بێت یان کرێکار، پێشکەوتنخوازە و هەر کەسێکیش لەژێر سایەی هەر بیانوویەک دا بێت و ملیۆنەها کرێکاریشی لە دەور بێت، دژایەتی جەنگ و سیاسەتەکانی ئەمریکا نەکاتە هەنگاوی سەرەکی خۆی بیەوێت یان نەیەوێت لە بەرەی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیستەکاندایە. ناسیونالیزم لە کوردستان هەر ئەم کارەی کرد ئەگەرچی لە ریزەکانی خۆشیدا هەزاران، خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆکردۆتەوە. بەڵام دیارە حیکمەت سەر لە شتێکی تر دەگەڕێنی هەربۆیە حەزی بەوەیە ئەم شێواندنی ئەنجام بدات بۆ ئەو چین و توێژی شۆڕشگێڕ دەبێ هەبێ. تەنانەت دەبێ ناسیونالیزمی نەتەوەی ژێردەستەی بە تێکۆشەر بزانێ. چونکە ئاخر ئەو بە هیوای کاری هاوبەش و پاککردنەوەی بەرەیەکی یەکگرتووی تری کوردستانییە، نەکا لە ریزەکانی "بەرەی کوردستانی ئێستادا" ئەرزوحاڵەکەی رەتکرێتەوە و وەرنەگیرێت.

٢ لە پەیوەند بە مناوەرەی سیاسییەوە "حیکمەت ڕێگایەکی ڕاشکاوانەی دیپلۆماسی بۆرژوازی، یانی هەر ئەو شتەی کە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کردوویانە نیشانمان نەدات، بابزانین چۆن مناوەرەیەک دەکات. "هەر حیزبێکی سیاسی بیەوێت مانۆڕی سیاسی جیهان بکا و سوودیش لەو دەرفەتانە وەربگرێت کە ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە، تەنانەت، بینین و لێدوانی سیاسیش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کارێکە دەکرێ پەیڕەوی لێ بکرێ"

جگە لەم مناوەرەیەش حیکمەت هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕین بەوە دەزانێ کە

باوەڕی وا زاڵبوبوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەست لە سەدام، هەتا ڕوخاندنی هەڵناگرن. بەڵام وا دەرنەچوو (یانی درۆیان کرد!!) ڕۆژئاوا عەودالی ئاڵتەرناتیڤی خۆیەتی و ئەمەش لە ڕاپەڕیندا نەبوو....

بۆیە ڕۆژئاواش پشتیوانی هەتا سەرکەوتن نەکرد...

حیکمەت تەواوی هونەری "مناوەرە سیاسییەکانی" تەنها و تەنها یەک شتە ئەویش ئەوەیە کە دیپلۆماسیەتی خۆی و جەرەیاناتە ناسیونالیستەکان کە بەهۆیەوە بونەتە دەستە ڕاستی سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەرب لە کوردستاندا بە شتێکی ئاسایی و شۆڕشگێڕانە دبێ و دیفاع لە هەمان تێزی کۆنی ناسیونالیزم بکات. ئەویش ئەوەیە کە "میللەتی کورد بەبێ پشتیوانی ولاتانی ئیمپریالیستی بە هیچ نابێ" هەر کاتێکیش ئەم ولاتانە دەستیان لە کورد هەڵگرت ئینجا تێزی تەواوکاری پشت بە ئیمپریالیزم بەستن دێتە کایەوە، یانی تێزی "خیانەتی ئەمریکا و غەرب". لەڕاستیدا هونەری دیپلۆماسیەت و مناوەرەکانی حیکمەت و ناسیونالیزم هەر ئەوە بووە کە لە مێژووی چەندین ساڵەی جوڵانەوەی ناسیونالیستی کورد دا بینراوە و لەم ڕووەشەوە حیکمەت بۆ مناوەرەکانی هونەرێکی تازەتر لەوەی کە هەیە ناخاتە ڕوو. بەڵام خۆی بەهەق دەزانێ کە لەبەرانبەر "یوینتابوونی" ناسیونالیزمی کوردیدا دیفاع بکا و تەنانەت بە سوودوەرگرتنی بەراوردکارییەک لەنێوان، پەیوەندییەکانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و حکومەتی عێراقی لەلایەک وە جەرەیاناتە ناسیونالیستەکان بە غەرب و ئەمریکاوە لەلایەکی تریشەوە، سوننەتی دیپلۆماسی بۆرژوازی لە جوارجێوەی مناوەرەیەکی سیاسی ئوسوڵیدا بێناسە بکات. ئەو پێی وایە "تەنانەت لەوبەری دۆستایەتی



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

حیکمەت! پێویست ناکات بۆ دواوە بگەڕێینەوە، هەموو کەس دەزانێت "ژەنەڕاڵ بارزانی" چی بووە و چی کردووە، لە "شۆڕشی ئەیلولەکەتدا". خۆت دەزانیت و ئاگاداریت سەردەمێک هەر ئەم مام جەلالەت چەندە بەڵگەنامەی ئەمریکایی و ئیسرائیلی لەم ڕووەوە بە چاپ گەیاندووە، بەڵام گریمان ئەمانەش لەبیرچوونەتەوە، ئاخر ئەمڕۆ نامەکانی میجەر و هاتنی سەرانی ئەمریکایی و بەریتانی و ئیتالیایی.... بۆ کوردستان، وەڵامەکانی مەسعود و جەلال تاڵەبانی بە خاتری چییە و کەی دەکرێ بەراوردی بکەیت بە هەڵوێستی (ح. ک. ا.) لە بەرانبەر حکومەتی عێراقدا؟! بۆ (ح. ک. ا.) ئەگەر پەیوەندییەکیش لە ئارادا بێت چ کاتێک بۆ تەمایەی ئەوەی کە یەکێ لە سیاسەتەکانی ڕژێم لە کوردستانی عێراق و ئێراندا پەیڕەو بکرێ؟ چ کاتێک ئەم حیزبە سەربەخۆیی سیاسی و ستراتیژییەکانی خۆی دۆڕاندووە، و کام یەک لە هەڵوێستە چینایەتییەکانی لە دژی کرێکارانی عێراق و ناوچەکە و بە قازانجی سیاسەتەکانی بەعس چوونەتە پێشەوە؟ ئەگەر تۆزقاڵێک خاوەنی پرەنسیپ و ئەخلاقی سیاسی هەیت تەنها و تەنها یەک نمونە لەم ڕووەوە بهێنەرەوە، ئەوجا دەست بدەرە بەراوردکاری لایەنەکان.

سەرنج بدە و ئایا بوونی کوردستان بە "پەناگای ئەمن" یانی، هەمان ئیسرائیلی دووەم. مانەوەی هێزەکانی ئیمپریالیزم لە کوردستان و دیفاع لە نەچوونە دەرەوەیان. ڕێ پێدان و سەردانی سەرانی وڵاتان و ئەحزابی بۆرژوازی غەربی و ئەمریکایی. دیفاعکردن لە بڕیارەکانی مەجلیسی ئەمنی ئەمریکایی. دیفاعکردن لە درێژەدان بە خەساری ئابووری لەسەر عێراق و تەنانەت پێکهێنانی ئەنجومەن و پەرلەمانی کوردی بە پێشنیاری خودی، میجەر و ..... دەیان شتی تر، هەموو ئەمانە بەرەی کوردستانی بە "دۆستایەتی کردن" دەهێڵێتەوە، یان شتێکی کەمتر نییە لە "یونیتا" و "مجاهیدینی ئەفغانی"؟ ئەگەر خۆبەستنەوە و جووت بوون لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەربدا ئەیان کاتە دەستەڕاستی ئەم وڵاتانە ئەدی چی دەیان کات؟ بەڕاستی بۆ کەسێکی مناوەرەچی سیاسی وەک ئێوە کە خەمی میللەتی کوردتان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی لە مەترسی تواندنەوە و لەناوچوون ڕزگاری کەن هەر پرەنیسپ و سیاسەتێکی وا دەخوازێ و ئێمەش سوپاسگوزار نین بۆ ئەم کارەتان؟!

### مەسەلەی غایب بوونی سیاسەتی سۆسیالیستی:

لەبەرانبەر بۆچوونەکانی ئیرەجی ئازەریندا، حیکمەت پێی وایە سیاسەتی سۆسیالیستی لە ڕووداوەکاندا غایب نەبووە، بەڵکو توندڕەوایەتیشی تیاکراوە، ئەوەتا لە کۆشەی لێهاتوویی و لێ نەهاتوویی کۆمۆنیستەکاندا دەڵێت:

"پێمان وایە سیاسەتی سۆسیالیستی هێندەی لەناو ڕاپەڕیندا هەوڵی بۆ دراوە و هەبووە، نەک (غایب) بووە. واتە سۆسیالیستەکان هاتوونەتە ئەزموونگای خەباتیان بەڵام وەک پێویست لێهاتوو نەبوون.

هەبوونی سیاسەتی سۆسیالیستی بەلای حیکمەتەوە ئەوەیە کە:

١ - کۆمیتەکانی ڕاپەڕین دروستکراوە. ٢- شوراکان پێکهاتوون. ٣- چوونە ناو کرێکاران هەبووە. ٤ دروشم و سیاسەتی چینایەتی بڵاوکراوەتەوە. ٥- مل نەدراوە بۆ فشاری ناسیونالیزم. ٦- کۆبوونەوە و کۆڕ و خۆپیشاندان ڕێکخراوە....

بەم پێیەش ئیرەجی ئازەرین کۆمۆنیستەکانی لە خەباتی چینایەتی سارد کردۆتەوە و ڕۆحیەتی خەباتی جەبەکانی بینا نەکردووە.... لە ڕاستیدا حیکمەت، چەندە هەوڵ بدات سیاسەت و بۆچوون، ئاڵتەرناتیفە ناسیونالیستەکانی بخاتە ڕوو، چەندە هەوڵ بدات دیفاع لە ڕاپەڕین و لایەنە کەشەکانی بکات، ناتوانی خەباتی چینایەتی کۆمۆنیستەکان گەرم کاتەوە، چونکە ئەو بۆچوون و سیاسەتانەی ئەو خستویەتیە ڕوو

12/02/2021 (5) Facebook

هیچ بەیوەندیکی بە قازانج و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارەوە نییە و لەم ڕووەشەوە حیکمەت دەیەوێت لەژێر ناوی گەرمراگرتنی ڕۆحیەتی چەپەکاندا، جارێکی تریش کرێکاران "بەگەرمی" بخاتەوە ڕیزی ناسیونالیستەکان و ئەوان وەک زەخیرەیەک بۆ هەمیشە دابنێتەوە. بۆ ئیرەجی ئازەرین مەسەلەکە لە جیگایەکی تردایە. بۆ ئەو کۆمیتەکانی ڕاپەڕین شتێک بووە لە چوارچێوەی ستراتیژی هێرشبەرانەی ناسیونالیزمدا کە لەلایەن چەپەوە پێکهێنراوە، شوراکان و وەڕێ خستنی جولانەوەی موتالەباتی هەم نوینەرەوەی بزووتنەوەیەکی جیاوزە لە کوردستان، کە ناچێتە ژێر چەتری "ڕاپەڕینەکەی حیکمەتەوە و هەم هەموو ئەو حەرەکەتانە نیشانەی ئەوە نین کە لە چوارچێوەی یەک سیاسەتی سۆسیالیستی و ستراتیژی شۆرشی کرێکاریدا بەدەستەوە گیرا بێت. ئەگەر بڕیار بێت ئەم جولانەوانە لە چوارچێوەی بە دەستەوەگرتنی سیاسەتی سۆسیالیستی دابێتە پێشەوە، ئەوا دروست وتەکەی هاوڕێ ئیرەجە کە دەبوایە بەر لە دەورەی هەستانی شارەکان و لە سەرەتای ئەزمەی خەلیجدا هەڵوێست و سیاسەتەکانی خۆی لەنێو ڕیزبەستنە جیهانییەکاندا بگرتایە. بە وتەی هاوڕێ ئیرەج، لەڕووی سیاسیەوە دەبوایە کۆمۆنیستەکان و کرێکاران لە دووڕیانێکی گرنگ و مێژوویدا خۆیان لە ناسیونالیزم جیا بکردایەتەوە "ئەگەر ئەم کارە بکرایە جولانەوەی خەڵکی سەدقات، دەبوو..." ئەمە ئیتر ڕەخنەی کرێکارێکی کۆمۆنیستە لە ناتەواوی و نوقتە زەعفەکانی جولانەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لە یەکێ لە دەورانە چارەنووس سازییەکانی مێژوودا، کە بەلای حیکمەتەوە خەباتی چینایەتی سارد کردۆتەوە، جگە لەمانەش حیکمەت پێی وایە لێ ئەهاتوویی و وەک پێویست نەبوونی کۆمۆنیستەکان دەگەڕێتەوە بۆ: "یەکەم: نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی چینایەتی و دووەم نەبوونی حیزبی چینایەتی کرێکاران" لە ڕوانگەی بۆچوونە ناسیونالیستەکانی حیکمەتەوە، بزووتنەوەیەکی چینایەتی بەهێز پاشکۆیە بۆ بزووتنەوەی بەهێزی نەتەوایەتی، چونکە کرێکارانی کوردستان چەوسانەوەی "دووفاقەیان" لەسەر شانە، هەروەها بوونی حیزب بەلای حیکمەتەوە هەم سەرمایەکە بۆ بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سۆسیالیستی و خەباتی چینایەتی، لە کاتێکدا مەسەلەکان ڕێک پێچەوانەیە: ڕووداوەکانی مانگی ئازار نیشانەی خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی چینایەتییە بەهێزەکان بووە بەتایبەت کە کوردستان شانۆی کێشمەکێش و بەرانبەرکێ و هەڵچوون و داچوونەکانی ئەو جولانەوە چینایەتییانە بووە، بە دیاریکراوی لە دەورەی سەرهەڵدانی شوراکاندا کێشمەکێشی نێوان چینی کرێکار و بۆرژوازی کوردی لە ئاست کۆمەڵدا، لە دەورەی زاڵبوونی پێشڕەوییەکانی هەر یەک لە جولانەوەکانی ناسیونالیزم و شورایدا تەوەرەی بەستبوو، کە سەرئەنجام بزووتنەوەی ناسیونالیستی تیا سەرکەوت. ئەگەر بۆ حیکمەت شوراکان تەنها پێکهاتوویەکی ڕووت و یەک بەشی لێرە و لەوێ نییە، ئەگەر بۆ ئەو بە حسابی بزووتنەوەیەکی جیاواز مایەی قبوڵکردنە ئەوا بە دیاریکراوی نیشانەی جولانەوەی بەهێزی چینایەتی بووە، کە بۆ یەکەم جار گرایشی سۆسیالیستی کرێکاری لە مێژووی کوردستاندا لەبەرانبەر ناسیونالیزمی سوننەتیدا دەستی بۆ بردووە.

تا ئەو جێگەیەی بە مەسەلەی حیزبیش دەگەڕێتەوە سیاسەتی سۆسیالیستی ناخرێتە گرەوی هەبوون و نەبوونی حیزبەوە، چونکە خودی حیزب لەسەر زەمینەی سیاسەتەکان و ئامانجەکان و ئاسۆ و سایە ڕوشنەکانی خەباتی چینایەتی و لە چوارچێوەی یەک سوننەتی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بە وجود دێت. لەراستیدا حیکمەت بە باسکردن لەسەر بزووتنەوەی بەهێزی چینایەتی و حیزبی پێشڕەو دەیەوێت تەئکید لەسەر هەمان ئەو شتە بکاتەوە کە ناسیونالیزم ئینکاری لێ کردووە، ئەویش مەسەلەی بوونی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتییە لە کوردستان وەک محوەری هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی مەوجود لەویدا. حیکمەت دەیەوێ پێمان بڵێ دەبێ جولانەوەی ناسیونالیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەربکری ئەوکاتە خەباتی چینایەتی کرێکار بەهێز دەبێ!! ئەگەر وانییە ئەدی "لە کوردستان زەمینەی بزووتنەوەی کرێکاران نەڕەخساوە" یانی چی؟! خەباتی "کرێکاران لە عێراقدا نەبزاوەتەوە" یانی چی؟! دەتەوێت زیاتر



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

لەوە چ شتێکی تر باس بکەین [illegible] و میللەتان چوارچێوە بێ بۆ هەر مەسەلەیەکی تر ؟!
ئێمە لە درێژەی ئەم باسانەدا پەنجەمان خستە سەر ڕوانگە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی ئەم تیر و بۆچوونانە. کە حیکمەت لێرەو لەوێ خستویەتییە ڕوو. بۆیە ئیتر باسکردنی زیاتر لەمە هەڵناگری

سەرەنجام:

## ئایندەی خەبات لە کوردستاندا بە کوێ دەکات؟

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی واقعی بڕوانینە ئایندەی خەبات لە کوردستان دەبێ لە یەکەم هەنگاودا ڕۆشنی بکەینەوە کە مەبەستمان لە کام خەبات و کام ئاسۆ و ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە یە. کە لە هەوڵدایە بۆ خستنە پێش چاو و بە واقعی کردنی چارەنووسێک بۆ کۆمەلانی خەڵکی. چونکە کوردستان کۆمەڵێکی سەرمایەدارییە و چینی کرێکار و بۆرژوازی لەوێدا. لە ئاسۆ و ئامانج و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی خۆیانەوە دەڕواننە ئایندەی. کوردستان و خەباتەکەی. ئەم واقعیەتەش بناغەیەکی مادی پێکهێناوە بۆ سەرهەڵدانی جولانەوە و حەرەکاتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی... کرایشاتەکانی ناسیونالیزم و سۆسیالیزم ئەمڕۆ لە کوردستان مەوجودیەتێکی عەینی و بەرچاویان هەیە و هەر یەکەشیان لە هەولدایە بەپێی خستنە ڕووی ئاڵتەرناتیفی چینایەتی جیاواز ئایندەی کوردستان یەکلا بکەنەوە.

بۆ کرایشی ناسیونالیستی و جولانەوەکەی ئایندەی خەبات لە کوردستان بردنە پێشەوەی هەمان واقعیەتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی ئەمڕۆیە کە لەژێر سایەی حاکمیەتی "بەرەی کوردستانی دا جێ کەوتووە. بۆ ئاستی حاکمیەتێکی بۆرژوازی دڵخواز و بەپێی ئەزم و قانونە ئەساسییەکانی سەرمایەداری ئەم سەردەمە. ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە ناسیونالیزم. هەرچی خێراتر و یەک دەستانەتر. لەلایەک هەلومەرجی ئێستای پڕ لە هەژاری و بێکاری و گرانی و بێ مافی و سەرکوت... بە دەورانێکی سروشتی و ئاسایی. سیاسی و کۆمەلایەتی بگەیەنێ و لەلایەکی تریشەوە لەپێناو چارەسەرکردنی ئەزمەی سیاسی بۆرژوازی لە عێراقدا هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا هەنگاوی جدی هەلگرێ.... دابین کردنی ئەم وەزعییەتانە لەلایەن جەرەیاناتە ناسیونالیستەکانەوە. لە گرەوی تێپەڕکردنی پرۆسەیەکی ماوەدرێژی وادایە کە چینی کرێکار و جولانەوەی سۆسیالیستی ئەو بەرەو کەناری. ڕووداوە سیاسییەکان پاڵ پێوەبنێ و پاشا رایگرێ و بێ دەخالەت لە کشت وەزعیەتەکانی خەباتی چینایەتیدا. بیهێڵێتەوە.

ئەمڕۆ جەرەیاناتە ناسیونالیستەکان ئایندەی خەباتیان لە کوردستاندا بە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و تەوازن قوای پێکهاتوو بە فعلی دەخالەت و زەغتی ئیمپریالیستەکان و ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ سەر رژێم گرێ داوەتەوە و وەک جولانەوەیەکی دژی ڕژێمی لە هەوڵی ئەوەدان هەرچی خێراتر وەزعیەتی ئێستا. لە ڕوانگەی قازانجەکانی بۆرژوازی کوردەوە یەکسەرە بکەنەوە. لەم ڕێگایەشدا تەرح و سیاسەتی جۆراوجۆر هاتونەتە کایەوە

لەلایەک. بێ داکرتن لەسەر ئاسۆی سیاسەتە نێونەتەوەییەکانی ئیمپریالیزم و خۆ جووتکردن بە تەرح و پێشنیارەکانی ئەمریکا و عەرەبەوە تاکو لە ڕێگای سیاسەتی فشارهێنان و دەخالەتکردنیانەوە بۆ سەر ڕژێمی عێراقی. "هێڵەکانی سنوور" لە چوارچێوەی بەرەو پێش بردنی و فراوانکردنەوەی ناوچەکانی پەناگای ئەمن"دا خواستی "فیدرالبوونی کوردستان" بکەنە ئالایەک بۆ ڕێکخستنەوەی مناسەباتی نێوان بۆرژوازی کورد و حکومەتی مەرکەزی. لەلایەکی ترەوە. گرێ دانەوەی هیوا و ئاواتەکانی بورژوازی کوردی بە ڕێگاچارەیەکی دەسبەجێ و ڕاستەوخۆوە. کە لە ئەنجامی وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتر لە زەمینەی مفاوەزە و سازان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا و "ئۆتۆنۆم کردنی کوردستان . چاوەڕوان دەکرێ* بەم پێیە



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

ئەمرو کوردستان بەپێی ئایندی خەباتی ئاسیونالیزم لەنێوان ڕێگاچارە بۆرژوا-ئەمپریالیستەکاندا. بەوێنەی فەلایەکی کۆنەپەرستانە، بۆتە ئەنجامێکی نیهانی بۆ بۆرژوازی کوردی.

کوردستان لە ئایندەی ئەم خەباتەدا ئەگەر ئۆتۆنۆم بێت، یان فیدراڵ، تەنانەت ئەگەر بە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بگات، تەنها یەک واقعیەت لەبەرانبەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا دەمێنێتە کایەوە. ئەویش هەر هەمان وەزعیەتی نابەرابەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مەوجودە، هەر هەمان جیاوازی جینایەتی و ڕەگەزی و جنسی مەوجودە، هەمان ئەو وەزعیەتە پڕ لە گرانی و بێکاری و برسێتی و نەبوونی و جەنگ و کوشت و بڕەیە کە ئێستا بۆتە نسیبی کۆمەڵانی خەڵکی. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە بەرە بە وێنەی حیزبێکی بۆرژوازی لە کوردستان پارێزەری موڵکدارێتی تایبەتی و موناسەباتی سەرمایەدارییە و خوازیاری ئەک هەر مانەوە و بەردەوام بوونی بناغە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی و چینە داراکانە بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، بەڵکو لە ماوەی چەندین مانگی حاکمیەتی خۆیدا هەوڵی داوە دام و دەزگا سەرکوتکەرییە بۆرژوازییەکانی وەک پۆلیس و سجنەکان و ئەمن و بەڕێوەبەرایەتی شارەکان و حاکمان و قازیەکان و.... ڕێکخاتەوە و ڕەسمییەتیان پێ بدات و سەرئەنجامیش ئایندەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی و ئەزم و نیزامی سەرمایەداری لە کوردستاندا لەبری هەر جۆرە ئایندەیەکەی تر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیدە دابمەزرێنێ... فراوانکردنەوەی سنوورەکانی سەرمایە و پێناسەکردنەوەی موناسەباتی سیاسی و ئابووری لە ڕوانگەی قازانجەکانی بۆرژوازییەوە لە بەدەسهێنانی هەلومەرجێکی لەبارتر لە دەسەڵاتدارێتی و ئیمکاناتە مادییەکان بۆ بەشێکی زۆرتر لە قازانجهێنەری سەرمایە و سەرمایەگوزاری... ئەمە ئامانجێکی سەرەکییە کە لە ناوەڕۆکی ئایندەی خەباتی ئاسیونالیستەکاندا. مانای ئەوەڵ و ئاخری بەدەستەوە گرتووە. دیارە ئەم مەسەلەیەش تەنها لەسەر حیسابی هێنانە خوارەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و پێشێلکردنی مافەکانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان دەتوانرێ مسۆگەر بێ.

بەڵام کوردستان لە ئایندەی خەباتی کرێکاران و گرایشی سۆسیالیستی کرێکاریدا، وەزعیەتی ئێستا لە پرۆسەی بەرەو پێشەوە بردنی پراکتیکی شۆڕشگێڕانە و ئامانجدارانەی چینی کرێکاردا ڕووە و دامەزراندنی حاکمیەتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان بە وەسیلەی شوراکانیان، وەک ئەڵقەیەک لە سەرخستنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە و کرێکاری لە سەرانسەری، عێراقدا یەکسەرە دەکاتەوە، ئەم حاکمیەتە شۆڕشگێڕانەیە کە لەسەر بناغەی شورا چەکدارە کرێکاری و مەحەلییەکان دادەمەزرێ، دەست بەجێ هەوڵ دەدات، لەلایەکەوە، خواستەکان و بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی کۆمۆنیست. خواستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەفاهییەکان-عەمەلی بکاتەوە و وەک قانونە ئەساسییەکانی کوردستانی شۆڕشگێڕ جێگریان بکات، وە لەلایەکی تریشەوە، بە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی و ئازادانەی خەڵکی کوردستان، کە دەست بەجێ بتوانێ بە شێوەی دڵخوازانە چارەنووسی خۆیان لە پەیوەند بە ناوچەکانی تری عێراقەوە دیاری بکەن.

بێگومان بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم ئامانجە و جێ خستنی وەک ئایندەیەک لە کوردستان ئەوە دەخوازێ کە یەکەم دینامیزم و هێزە بزوێنەرەکانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دیاری بکرێت و پاشان پەیوەندی ئەم بزووتنەوەیە بە جوڵانەوەی سەراسەری شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی عێراقەوە لێک بدرێتەوە و دووەم، بەپێی تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداری شارنشینی بوونی کوردستان و شێوەکانی خەبات و جوڵانەوەی ناڕەزایەتییەکان و... ستراتیژییەکی ڕۆشن و قۆناغەکانی پێشڕەوی نواندن و سەرکەوتنی پایەداری بنەخشێندرێت.

هێزەکان و دینامیزمی خەباتی شۆڕشگێڕانە، لە ڕوانگەی کرێکارانەوە، لە دەوری خەبات بۆ لابردنی گرێ‌وگرفتەکان و هەموو ئەو موسیبەتانە و بێ مافی و دەرد و مەینەتانەی کە قورساییان بەسەر ژیان و



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

12/02/2021 (5) Facebook

کرێکاران و زەحمەتکێشان، ستونی سەرەکی و هێزی بزووێنەری هەر جولانەوەیەکی شۆڕشگێرانەیە لە کوردستان شارەکان بە وێنەی کانونێک بۆ جموجۆڵی سیاسی و جەماوەری باقی شوێنەکانی تر (لادێ و ئۆردوگاکان) مەرکەزی قورسایی جولانەوەی شۆڕشگێڕانە و کرێکارییە. چارەنووس و بالادەستبوونی خەباتی کرێکاران و باقی زەحمەتکێشانی تر لە کوردستان تەنها لە جەرگەی یەک هەستانی سیاسی و جەماوەریدا دەتوانێ بەدی بهێندرێت. شکڵی کۆتایی ئەم پێشرەوییە تێکەڵێک لە ڕاپەڕین و هەستانی شاری دوابەدوای یەک جولانەوەی ئیعترازی و جەماوەری، هاوشانی پێشرەوی کردنی هێزە چەکدارەکان کە لە دوورتێی چوونە سەری جولانەوەی شۆڕشگێرانە و کرێکاریدا برەوی سەندووە. دەتوانێت ڕاپەڕینێک لە کوردستان وەڕێ بخات کە سەرئەنجام حاکمیەتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە شکڵی شورایی لەلایەن "شۆڕشگردوانەوە" بەدی بهێندرێت و هاوکات لەگەڵ بردنە پێشەوەی جولانەوەی کرێکاری و شۆڕشگێرانەی سەرانسەریدا زەمینەکانی سەرکەوتنی پایەداری، خۆی فەراهەم دەکات.

بەڵام واقعیەتەکانی ئێستای کوردستان ئەوە دەخوازێ کە ئەم بۆچوونانە لە چوارچێوەی ڕێبازێکی سیاسی موشەخەس تردا بەدەستەوە بگیرێ و مامەڵەی پێوە بکرێ. بەتایبەت ئەمڕۆ کوردستان بە ڕادەیەک لە هێزەکانی ڕژێم پاک کراوەتەوە و جێگای خۆی داوە بە هێزەکانی حیزبە ناسیونالیستەکان. بالادەستبوونی جولانەوەی ناسیونالیزم لە شکڵی حاکمەیەتەکەیدا و لێرەشەوە کێشەی شەڕبوونەوە و پشێوی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی، دەخالەتی جەرەیانانتی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، زوعفەکانی ڕژێم و بەکشتی ئیدامەی ئەزمەی سیاسی بۆرژوازی لە عێراقدا، ناتوانییەکانی ئۆرگان و ئیهادە دەوڵەتییەکان و سەقامگیرنەبوونەوەیان، دەخالەتی ئیمپریالیستەکان لە ناوخۆ و فشاری بەردەوامیان بۆ سەر ڕژێم، ئەوزاعی ئێونەتەوەیی و ناوچەیی... لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانە بەپێی ئامادەییەکانی چینی کرێکار و گرایشی سۆسیالیستی ئەو، وەزیفە سەرەکییەکانی کرێکارانی کۆمۆنیست ڕووە و ئایندەی تەتەڵوبی چینی کرێکار لە کوردستاندا، ئەوەیە کە ڕووە و بەهێزکردنی لایەنەکانی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران لە جەرگەی لاوازییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی و هەبوونی ئەزمەی بۆرژوازیدا، ڕووە و هێنانە کایەوەی ئاستە سیاسی و خەباتکاری و ڕێکخرابوونە پێویستەکانی جولانەوەیەکی بالادەستی سەربەخۆی جیاواری کۆمەڵایەتی، هەنگاو هەڵگرێ و هەرچی زیاتر توانای خۆچەکدراکردن و نواندنی قودرەتی دیفاعی چەکدارانەی جولانەوەی کرێکاری کەسپ بکات تاکو بەهۆیەوە بتوانێ دەسەڵاتدارێتی چەندلایەنە لە بەرانبەر حکومەتی مەرکەزی و ناسیونالیزمدا، داسەپێنێ. دەسەڵاتدارێتییەک کە لە دەورەیەکی هەرچەندە ماوەدرێژدا، ئۆرگانەکانی ئیرادەگرتنی ڕاستەخۆ و حاکمیەتی شورایی جێگیر و گەشە پێ بدات. کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەمڕۆ دەتوانن تەنها لەیەک خەباتی هەمەلایەنە و پێکەوە گرێدراوی، ئابووری، سیاسی و چەکداریدا، پێداویستەکانی ئەم جولانەوەیە لە خۆیاندا ئامادە بکەن، وە هەر لەم ڕێگایەشدا، بە خستنەلاوەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و بێ کاریگەری هێشتنەوەی هێرشەکانی حکومەتی مەرکەزیدا گرەوی خۆیان لە ناسیونالیزمی کورد ببەنەوە و بالادەستکردنی جولانەوەی کۆمەڵایەتی خۆیان تا سەر ئاستی جێگیرکردنی حاکمیەتی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستاندا گەشە پێ بدەن.

بێگومان هەموو ئەم مەسەلانەش لە گرەوی جیاکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندایە لە ئاستی ئامانج و سیاسەتە ناسیونالیستییەکان و بەهێزکردنی کۆمۆنیزمە لە بەرانبەر ناسیونالیزم دا. لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا



https://www.facebook.com/messenger_media/?thread_id=1175859630&attachment_id=249380293433867&message_id=mid.%24cAAAAAEYWMa59… 1/1

11

”ئالای شورش“ قسه كه ریكی بورژوا_ناسیونالیست

خه سره و سایه ه . ئاسو

چاپی یه كه می ئاياری ١٩٩٢

چاپی دووه می تشرینی یه كه می ١٩٩٣